# لە مابەینی کەکۆن و هەیبەسوڵتان

# شنەی مۆسیقایە و سەدای شاعیران

## کەشکۆڵی کۆڕە شیعری

## زانکۆی کۆیە

## ٢٨ - ١ - ٢٠١٤

له بلاْوكراوەكانی خانەی ئەربیل

ناوی كتێب: لـه مـابـەینی كـەكۆن و هـەیبەسـوڵتان

بابەت: شیعر

نووسـەر: ٩ شاعیر

بەرگ و دیزاین: فـازیـل شــەورۆ

چاپخانە: چاپخانەی شەهاب — هەولێر

تیراژ:

پێشکەشە ..
بە گیانی حاجی قادری کۆیی و
دلداری نەمر .

دیارییە ...
بۆ عەبدوڵلای حەسەن زاد



لە مابەینی کەکۆن و هەیبەسوڵتان
شنەی مۆسیقا و سەدای شاعیران
لیژنەی ڕۆشنبیریی فاکەلتی پەروەردە ـ زانکۆی کۆیە
کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە
بۆ ئەم شاعیرانە ساز دەکات
موحسین ئاوارە
فازیل شەوڕۆ
نەوزاد رەفعەت
ئارام سالّح
عەبدولرەحمان فەرهادی
قوبادی جەلیزادە
هاوژین صلیوە
ژاوێن شاڵی
ئەکرەم خامۆش
هێمن عەبدولحەمید
(مۆزیکژەن)
هاتن بۆ هەمووانە
کاتژمێر: (٣)ی پاشنیوەڕۆ / سێ شەممە (٢٨/١/ ٢٠١٤) لە هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە




**له راسته‌وه**

١- ( فازیل شه‌وڕۆ ، د. هێمن عبدالحمید ، د. هاوژین صلیوه ، ژاوێن شاڵی)

٢- ( عبدالرحمن فه‌رهادی ، ئارام ساڵح ، موحسین ئاواره ، نه‌وزاد ره‌فعه‌ت)

٣- ( ئه‌كره‌م خامۆش ، قوبادی جه‌لیزاده)

# لیژنەی ڕۆشنبیری بەشی کوردی و پێشەنگ

## د. هاوژین صلیوه

لەگەڵ کردنەوەی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سلێمانی لە کۆیـە لـە ڕێکـەوتی (٢٠٠١/١/١٣)، بەشـی کـوردی یەکـەم بـەش بـووە کراوەتــەوە، ئـەم بەشــە ســاڵانە بــە مەبەسـتی پێشخسـتنی ئاسـتی زانستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایـەتی. چالاکی ئـەدەبی و ڕۆشـنبیری و هوونەری...ئــەنجام دەدات، بـۆ ئــەم مەبەســتەش چــەندین لیژنــە پێکـدەهێنێ، کـە هـەر لیژنەیـەك گرنگیـی خـۆی هەیـە، لـەناو ئـەم لێژنانــەش (لیژنـــەی ڕۆشـــنبیری بەشـــی کوردی)لەســـاڵی (٢٠٠٦) پێکهێنراوە، کە ئـەوکات (د. سـەلاح حـەوێز) سـەرۆکی بەشـی زمـانی کوردی بوو، ئەم لیژنەیەش لەسەرۆك و چەند ئەندامێك پێکهاتووە. جگە لەبەشـی کـوردیی زانکـۆی کۆیـە، لـە هـیچ بەشـێکی زانکۆیـەکی تری کوردستان لیژنەیەك تایبـەت بـەکۆڕو سمینـار بـۆ دروسـتکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی زانکۆ، ڕێکنەخراوە. ئـەرکی ئـەم لیژنەیـە بەسـتنی کـۆڕو سـیمینار بـووە، چالاکیی هەمەلایـەنی نوانـدووە ، لـە هێنانی نووسەرو شاعیران بۆناو زانکۆ. وەك نەریتێك هەفتانە کۆڕی

ئـەدەبی و فیکـری سـازدراوە، لەگـەڵ دامەزرانـدنی ئـەم لیژنـەیـەش کۆمەڵێ خوێنکاری خوێن گەرم لەزانکۆی کۆیە (گروپـی دیالۆگ)یـان پێکهێنــابوو، کــە لــەم بەڕێزانــە پێکهــاتبوون: (کامــەران محەمــەد مــەولود- بەشـی کـوردی، هەڵمـەت عوسمـان کاکـل- بەشـی کـوردی، عومــەر حــاجی- بەشــی کــوردی، دیــار عــەزیز شــەریف- بەشــی ئینگلیــزی)، ئــەم چــوار خوێنکــارە زۆر چســتو چــالاك بــوون، پەیوەندییـەکی فراوانیـان لەگـەڵ کەسـانی ڕۆشـنبیر هـەبوو، هـەموو کـارو چالاکییەکانیشـیان بـەهاوکاری لیژنــەی ڕۆشــنبیریی بەشــی کوردی بـوو، یەکـەم چـالاکی (لیژنـەی ڕۆشـنبیری و گروپـی دیـالۆگ) بەسـتنی کۆڕێـك بـوو بـۆ (تـاریق جامبـاز) بـەناوی (خودموختـاریی هـەرێمی کوردسـتان)، دواتـر دەیـان کـۆڕو سـیمیناری بـەدوای خـۆی داهێنا، کۆڕی فکـری و ئـەدەبی و مێـژوویی... نمـایش کردنـی فیلمـی سـینەمایی و...تـاد، چـەند سـاڵێك (د. عوسمـان دەشـتی) لێپرسـراوی ئەم لیژنـەیە بوو، لەسـاڵی (٢٠١٢)وە (د. هـاوژین صـلیوە) لێپرسـراوی لیژنەی ڕۆشنبیری بەشی کوردییە، ئەندامەکانی ئەم لیژنەیەش ساڵ بـە سـاڵ دەگـۆڕێن. (د. عومـەر مـەحموود) سـەرۆکی بەشـی کـوردی بـەردەوام هاوکـاری کـارو چـالاکییەکانە (د. هـێمن عەبدولحەمیـد)، ڕۆڵــی بەرچــاوی هــەبووە لــە ڕێکخســتنی کۆڕەکــان، وەك

هونەرمەندێکیش ئەو کۆرانەی کەپێوستیان بەمۆسیقا بووە هاوکار بووە، بەشێوەیەکی گشتی ئەندامانی لیژنەکەو سەرچەم مامۆستایانی بەشی کوردی هاوکار بوون.


کۆڕو سیمینارەکان زیاتر لە هۆڵی(م.تاهیر بەکر)لە فاکەڵتیی پەروەردە بەڕێوەدەچوون، چەند جارێکیش لەهۆڵی سەرۆکایەتی بەشێوەیەکی فراوان و بەبەرنامەیەکی چڕوپڕتر کۆڕەکان بەڕێوەبراون، لەوانە کۆڕێکی شیعری کە بەهاوکاری (گروپی دیالۆگ) لە (٢٠١٠/٢/٢٢) بۆ شێرکۆبێکەس ڕێکخرا. ئەم کۆڕەشیعرەش کە لە ژێر ناوی(لەمابەینی کەکۆن و هەیبەسوڵتان، شنەی مۆسیقاو سەدای شاعیران)، بۆ نۆ شاعیر سازدرا لەڕێی لیژنەی ڕۆشنبیری بەشی کوردییەوە ڕێکخراو لەسەر ئاستی فاکەڵتی پەروەردە پێشکەش کرا، کۆڕێکی فراوان بوو بەشێکی بەرچاوی خوێندکارو مامۆستایانی زانکۆو کەسایەتی و هاوڵاتیی شاری کۆیە ئامادەی بوون.

هەڵبەتە خەمی ئێمەش ئەوەیە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ دروست بکەین لەنێوان ڕۆشنبیرانی ناو زانکۆو دەرەوەی زانکۆ، بۆئەوەی کاریگەریی زانکۆ بەسەر کۆمەڵگاوە دیاربێ، هەروەها

خوێنکارانی زانکۆش لێی سودمەند بن و تەنها پەیوەست نەبن بە وانەبێژی و شتی ئامادەکراو، ساڵانەش کۆڕی شیعروچیرۆك بۆ ئەوخوێنکارە بەهرەمەندانەی بەشی کوردی ڕێکدەخرێ بۆ هاندان و پێشخستنیان لە بواری نووسیندا.

# <u>دیدی ئامادەبووان</u>

## عەبدوڵڵای حەسەن زادە



***لە نێوگوڵزاری شێعردا***

**ئێوارەی** ڕۆژی سێشەممە ( ٢٠١٤/١/٢٨ ) لەسەر بانگهێشتنی لیژنەی ڕۆشنبیریی فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کۆڕێکی شێعرخوێندنەوە بۆ کۆمەڵە شاعیرێکی ناسراوی کورد، بەڕێزان: عبدالرحمن فرهادی، نەوزاد رەفعەت و موحسین ئاوارە (هەولێر)، فازیل شەوڕۆ، ئەکرەم خامۆش ، قوبادی جەلیزادە، هاوژین صلیوە و ئارام ساڵح (کۆیە) و ژاوێن شاڵی (سلێمانی) لە هۆڵی سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە پێکهات کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبان و ئەدەبدۆستان و

بەتایبەتی خوێندکارانی زانکۆ تێیدا بەشدار بوون. لەو کۆڕەدا ئەو شاعیرە بەتوانایانە بۆ ماوەی نیزیك بە دوو سەعات فەزایەکی ڕووحی و مەلەکووتی‌یان بۆ ئامادەبووان خوڵقاند و دەکرێ بڵێین گوێگرانی بەدەربەستی خۆیان بردە دنیایەکی دیکەوە و لە غەمی ڕۆژگارو تەمی (بەقەولی شاعیران) چەرخی بەدکردار دووریان خستنەوە.

ماڵیان ئاوەدان بێ ڕێکخەرانی ئەو کۆڕە شێعرییە ئاوڕێکی خێریان لە کوردە "ئاوارە"کانیش دابۆوە و چەند کەسێکیان لێ بانگهێشتن کردبوون کە خۆم و شانسم یەکێک لەکارتەکانیش بەر من کەوتبوو. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە ئەوجۆرە دەرفەتانە بۆ مەمانان کەمتر دەڕەخسێن، بەڕاستی چێژم لێوەرگرت و ئەو دوو سەعاتە هەستم کرد لە "عالەم"ێکی دیکەدا خەریکی "سەیرو سەیاحەت"م. بۆیە وێڕای سوپاس لە ڕێکخەرانی ئەو ئێوارە کۆڕە پێمخۆشە هێندێ لەو جوانی‌یانەی لە ڕوانگەی خۆمەوە بەو کۆڕەوە دیار بوون، بە نووسین باس بکەم.

لەبەر ئەم چەند هۆیە خۆ لە هەڵسەنگاندنی شێعرەکان نادەم: پێش هەمووان چونکە نە شاعیرم و نە ڕەخنەگرو ئەمەش پیاوی خۆی دەوێ. پاشان دەرفەتێکی کورتی وەک

ئـەوەی لێرەدا بۆمن ڕەخساوە، بۆ شـاعیر یـان ڕەخنـەگرێکیش ئەوەنـدەی بەبــەرەوە نیــە چەنــد پارچــە شـێعری نـۆ شــاعیری بەدەسـەڵاتی کـوردی تێدا هەڵسـەنگێنێ. لـە هـەمووی گرنگتـر، هـەروەک دوای کۆڕەکـە عـەرزی یـەکێک لـە شـاعیرەکانم کـرد جارێک گوێلێبوونی شێعر -ئـەویش لـەکۆڕێکـدا کـە هێنـدێجار دەبینی لەملاولات یان لە دەورو پشتت یەکـدووکـەس هـەروەک لـە چاخانـە دانیشتبن خـەریکی قسـەو باسـی خۆیـانو شیرازەی بیـرت دەپسـێنن- هەرچەنـدی ورد و بـەتواناش بـی دەرەتــانی ئــەوەت پێنــادا بابەتەکــە بــەجۆرێک تێبگــەی کــە بتــوانی هەڵیسـەنگێنی. بـەو پێیـە ئـەمن لـە هێنـدێ ڕوانگـەی گشتییەوە دەڕوانمـە ئـەو کـۆڕە شێعرییەو بێئـەوەی بمـەوێ بۆچوونـەکانم بـەوردی بەرمـەوە بـەر شـێعرێک یـان شـاعیرێکی تایبـەتی لـەو بەڕێزانە، قسەی خۆم دەکەم:

ڕێزدانـان بـۆ شـارە پڕشـانازییەکەی کۆیـە یـەکێک لـەو دیاردە جوانانە بوو کە لەو ئێوارە کۆڕەدا بەزەقی خۆی دەنواند و بەڕاسـتییش لــەجێی خۆیــدا بــوو. بەشــێکی بــەرچاو لــە کۆڕگێڕەکـان بـە جۆرێـک لـەجۆران پەسنی کۆیـەو ڕابـردووی پڕســـەروەریی کۆیــــە و کەســـایەتیە سیاســـیو ئـــەدەبی و کۆمەڵایــــەتی و نەتەوەییــــەکانی کۆیــــەیان داو بەکۆیــــە و کۆیـەکانیان گـوت ئەگـەریش ئـەمڕۆ لـە هێنـدێ بـارەوە ئێـوە

هەست بە مەغدووری و پشتگوێخران بکەن، کۆیە هەر خاوەنی شانازیی گەورەی مێژوویەیە، هەر لانی بێچووە شێران و مەکۆی کەڵەمێرانەو هەر شاری شارانو مەڵبەندی ناودارانە.

زۆربەی شێعرەکان دەچوونە خانەی شێعری نیشتمانییەوە و ئەمە دەری دەخست کە پێشەنگانی فکرو ئەدەب بەو دەسکەوتە نەتەوەییانەی تا ئەمڕۆ هاتوونە دی پاڵیان لێنەداوەتەوە و دەیانەوێ تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری هەر لە مەیدانو تەنانەت لە فەزای پڕمەینەت و بێبەشیی سەردەمەکانی ڕابردوودا ڕابگرن تا لەبیریان نەچێ چییان چێشتوە و لەکوێوە تا گەیشتن بە دواقۆناغی سەرکەوتن چ ڕێگایەکی دوورودرێژو پڕکەندوکڵۆیان لەپێشدایە.

ئەگەر هەر ئارەزووی خۆشم بێ، وام دەخوێندەوە کە ئەدیب و شاعیرە بەڕێزەکانمان هەرچەندی کەموکوڕییش بە دەسەڵاتی خۆماڵییەوە ببینن و لێی بەگلەیی بن دیسان شانازیی پێوە دەکەن و هەوڵی پێشخستن و گەشەپێکردنی دەدەن. ئەمەیان بۆیە دەڵێم چونکە بەداخەوە هێندێ کەسمان ئەوەندە بێبەزەییانە پەلاماری حکوومەتی کوردی و دەسکەوتەکانی دەدەن کە دوژمنانی کورد پێیدەکەونە چەقڵەسەما. لەحاڵێکدا

مەسەلی کوردی دەڵێ: "دۆست گۆشتیشت بخوا ئێسکت ناشکێنێ".

بەخۆشییەوە لەمێژە ئەو دەورانەمان بەجێ هێشتوە کە کۆڕو کۆبوونەوەکانمان یەکسەر "پیاوانە" بن‌و خوشکەکانمان یان لەخۆیانڕا نەبینن یان بواریان پێ نەدرێ بێنە مەیدان و بەهرەکانیان نیشان بدەن. بەوحاڵەش لەبەر چاوی من، بوونی خانمە شاعیرێکی وەک خاتو ژاوێن شاڵی لە نێو کۆڕگێڕەکاندا، ئەویش بەو باوەڕبەخۆبوونەوە کە پێی دەرکەوت، یەکی دیکە لە خاڵە بەهێزەکانی کۆڕەشێعری هۆڵی سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە بوو.

نامەوێ ئەوەش ببوێرم کە مۆسیقای نەرمو بەسۆزو هەستلاوێنی مۆزیکژەنی لێوەشاوە د. هێمن عەبدولحەمید چێژێکی تایبەتیی بەو ڕووداوە ئەدەبی‌یە بەخشیبوو. ئەو ئاوازە دڵنەوازانەی پێشکەشی کردن ببوونە جادەیەکی مەخمەری کە کالیسکەی شێعری شاعیران بەسەریدا بەرەو ماڵی دڵی خاوەن‌دڵان بەڕێ دەکەوت. بەناهەقییشی دەزانم ئاماژە بە ڕۆڵی لێزانانەو ژیرانەی بەڕێوەبەری کۆڕەکە خاتو ناسکە جەعفەر نەکەم کە بەڕاستی ئەدای جوانی‌و پەسنە پڕبەپێستەکانی بۆ

شاعیرانو شێعرەکانیان چێژێکی تایبەتیی بە کۆڕەکە بەخشیبوو.

دەستو دەمو مرخی هەموو شاعیرەکان خۆش بێ، ماندوونەبوونی بۆ لێژنەی رۆشنبیریی فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆی کۆیە، پێشکەوتنی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بۆ زانکۆی چالاک و بەڕاپەری کۆیەو سەربەرزیی هەمیشەیی بۆ شارە نازدارەکەی کۆیە، شاری ئەدەبو هونەرو خەباتو سیاسەتو بیری پێشکەوتنخوازانەی نەتەوەییو لە یەک قسەدا شاری هەموو جوانییەکان.

کۆیە ٠٢ / ٠٢ / ٢٠١٤

***

# ڕهبەری سەید برایم



## تۆ ، تۆ دەگری ؛ شیعری جوان

***تا سەر ئێسقان عەشقی شیعرم***

***شیعر نەبێ بە خوای دەمرم***

شــیعر منی گتەیـانده شـاخ
بــه کاریگتـەر رۆچـووه نــاخ

شــیرینی کــرد نیشــتمانــم
چــەکی بــرِوای کـــرده شانم

ئـاخۆ دەبیّ چی بیّ شــیعر
ڕازێـکی پـرِ ســۆز و ســیحر !

مـەرگی شــیعر کفــره کفــر
وەك بـــاران و گــوڵ و بەفر

شیعری جوان به مۆزیك و میلۆدی كوردی ، به هێمنانه ، به چەهچەهەی ژێی عودی ، پەنجەی ناسكی دكتۆر حەمیدی ، هۆڵ پڕ و كش و خامۆش ، تەنیا دەنگی شیعر و ئاوازی خۆش.

راسته شاعیرەكان زۆرن گەلێكن ، بەلاّم ئەدیبەكان سەرمایەكی نادیاری هەر گەلێكن (پووشكێن ) خۆ شیعری نایاب و رەسەن ،

گەرچی دەگمەنن دەگمەن ، ناپرسێ تەمەن ، دەمێنێ بە درێژای زەمەن ، نووسەر و شاعیر خۆی دادوەرە لە سەر بابەتەکانی خۆی (ئەدوار گیۆن ) بیتهۆڤن بۆ ئەو مەبەستە فەرموویەتی (شاعیری گەورە بەنرخترین مرواریی گەلەکەیەتی) ، ئیمپراتۆرەکان لە ناو دەچن ، بەلاّم شیعری جوان لە ناو ناچێ ، (هیمۆن ): شیعر لە ئاواز دووربکەرێتەوە ، وشك دەبێتەوە ، (نازارپاد ): شاعیر وێنەگرە ، وێنەی گولّ و گڕە . لە کن ئێمە لە دەشتی شیعر جاڕی میهرەجان ، زانکۆی کۆیە نۆ نۆ دەگرێ شیعری جوان ، نازداری شۆخ (ژاوێن شالّی ) شیعری شەمالّی ، کانگای خەیالّی ، وەك خۆی جوان و بەهرەی خۆشحالّی ، گولاّو پڕژێنە و خەم ڕادەمالّێ .

لە تەخت و تای شێخ رەزا کەی قوبادە ، قوبادی جەلی زادە ، بێ منەت ئاواتی جەستە ئازادە ، شیعری پەپوولە و ویژدان و دادە ، بێ ڕادە ، ئەهلی شیعری پێ شادە ، جگە لەوەی لە قوڕێکی دیکەی دروست کراوە ، لە درەخت و گولّ و باخ و شاخ خولّقاوە ، بۆیە هەمیشە گەش و گولاّوە ، (هەمیشە ڕوو لە خودا هەمیشە مەست ) ، (قەلّەمێکی ردێن سپی ) یە هەمیشە سەربەست ، لە تەمتوومان و گومان و رووخان و ژانە شیعر و کۆچێکی سوور ،(شەهید بە تەنیا

پیاسە دەکات) دور بەدور ، راستە نۆبەرەیە ، ئەو درەختە بە بەرەیە ، هەر بالأدەکات .

چنگێ زەنگیانەی تر ، جوانتر، دەنکی زەنگیانەی تر ، عەبدول رەحمان فەرهادی ، دەکاتە گەردانە بۆ گەردنی (کانی)و (جاهید)ی :

***خۆر خەریکە***

***وورده وورده ئاوا دەبێ***

شکور لە هەولێر بە ئاگا دەبێ ، یەکێتی نوسەران هەر ئاوا دەبێ .

نەوزاد رەفعەت (دار هەنار )ە ، لە (دارستانی ئەو بنارە) کۆڵەوژ و دەرون پشکۆ :

***ئەی گیانە بۆ***

***من ناوی تۆ***

***لە ئێسقانم هەڵنەکەنم***

لە چوارچێوەی دڵمی نەگرم ، هەڵبواسرێ بە دیوارا .

**له قەڵاو منارە ، محسین ئاوارە ، بانگی دیارە ، دەستان بگرنەوە (نا بۆ شمشێری دەم بە خوێن ) ، سێوی شیعر هەڵدەدا لە هەرکوێن ، شەوارە و چۆڕاوگەی شیعر (دەچنە رێواسان ) گوڵناز و گوڵەیاقووتیەکان دەچنن شیعر ناسان ، لە ژێر ساباتی شیعردا بەنازی تاوس و ئاورینگی قولینگ ، ئاوارەی باخەوان بە پاچ و کولێنگ ، لە باخەڵی باخدا ، لە کیشوەری جوانەکاندا شیعر دەچنێ لە ناخدا .**

**(فازل شەورۆ) کۆترێك لە ئاگر، لە ئاست جەرگ سووتان خۆ ڕاگر ، لە سایەی (دارە پیرەکەی کەندەکۆخ ) شنەی شیعری ( بۆ ژووان )ی شۆخ .**

**خاکاو و نازاو و ڕامانی (ئارام صالح غەفوری )،(ئەوین ژەن)ە وەلاکین دوور بە دووری ! نسکۆ و سووتانی ئەبەدی و تیراوە و حەسرەتی قەدەرە سەبووی سەبووری ، (نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت )ە بە ڕەنجوری ، (مژدەی مەرگی گەرەلاوژە ) یە گڕو نوری!**

**د. هاوژین ءصلیوە ، هێما و خاچە بۆ گەردنی مامە سێوە ، مەلەکە و عەلەکەیە بە شێوە ، (مێژووی هەرمۆتە) یە ، پچڕێنەری**

ئەو كۆتەيە ، كوردايەتی و مەسیحیەت باوەڕیتی ڕاستییە نەك گۆتەیە !

د. ئەكرەم خامۆش ، بە پەرۆش و ڕێك پۆش ، بە شیعری خۆش ، بە ساز و جۆش ، لە هزر و هۆش ، دەتكا مەدهۆش ، لە پەپوولە و فریشتە دەچێ ، لە هەر بوارێكیدا بچێ ، بە هرەی لە چەهرەی دەباری ، گورزی مەمەندی دەكاتە دیاری ، بەدەست ڕەنگینی ، وشەی هەنگوینی ، (ڤینۆسی یا شیرینی ) بەهرە و بەرهەمی خوایە ببینی !

***

## د. کەمال غەمبار



# شیعری کوردی زیندووە

شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەربارەی کۆیە دەڵێ:

***شاری کۆیە کە لەبالەب لە بوتی نۆش لەبە***

***گەر فەلەک لێی گەڕی مەنبەعی عەیش و تەرەبە***

ئەو كۆڕە شيعريەی كە سعات سێی پاشنيوەرۆی ( ٢٨ / ٢ / ٢٠١٤ ) لە هۆڵی سەرۆكايەتی زانكۆی كۆيە بۆ نۆ شاعيری كۆيی و هەولێری و سليمانی تێكەڵ بە ئاواز و مۆسيقای ڕەسەنی كۆيانە و كوردی سازكرا، ليژنەی ڕۆشنبيريی بەشی كوردی سەرپەرشتی كرد و هونەرمەند (د. هێمن عبد الحميد ) موزيكژەنی بوو ، سەلماندی كە شيعری كوردی زيندووە و شان لە شانی شيعری هاوچەرخی دەرودراوسێ دەدات. قەڵەباڵغی هۆڵەكە و زۆری ميوانەكان ئاماژەبوون بۆ ئەو ڕاستييیەی كە هەرچەندە ژمارەيەكی زۆری رۆشنبيران روويان كردۆتە شارەكانی تری هەرێمی كوردستان، ئەم شارە ڕەسەنايەتی و مۆركی رۆشنبيريی خۆی لە دەست نەداوە . ئەمەيش نيشانەی ئەوەيە كە كۆيە ڕێچكەی شاعيران و ڕۆشنبيرانی بەردەوامە، وەك بڵێيت سەردەمی شاعيرانی ناوداری كورد وا جارێكی تر دەبوژێتەوە. ئەم شارە بەبێ موجامەلە شاری قەڵەم بەبرِشت و كەسانی ناودارە لە هەموو روێكەوە. بە راستی زاراوەی شار شايستەی هەموو شوێنێك نييە و بە هەموو جێكايەك ناگوترێ شار، وەك چۆن سليمانی پايتەختی رۆشنبيرييە و پێی دەگوترێت

شار، شاری کۆیەڕ دەتوانین بڵێین کە لە دوای سلیمانییە بە پلەی دووەم ، لە بواری رۆشنبیریی بە تایبەتی شاعیران کە ڕۆڵی بەرچاویان لە بواری شیعردا نواندوە. راستە شیعری هەر شاعیرێك لە کۆڕەکەدا تایبەتمەندی خۆی هەبوو، وەلێ هێمنی گوێگرتن و چوونە نێو دنیای خەیاڵ و چەپڵەکانی ئامادەبووان دەستخۆشی و ئافەرین بوو بە زمانێکی تر.

شەویش لە چنارۆکی دڵرفێن و هەوا سازگار، کاك ( رەهبەری سەید برایم) بە سوپاسەوە و حاتەمییانە دیوەخانی گەرمی بۆ میوانەکان ڕازاندەوە و ساز و سنتوری مۆسیقاژەنەکان و گەرووی ئاوازداری هونەرمەندە لاو و بەهرەدارەکان بوو بە کۆڕێکی ترو جیهانێکی تری خەیاڵ و ئەندێشە!

بە راستی کەم کۆڕی وا خۆش و پڕ نەشئەم بینیووە!

***

## د. هێمن عبدالحمید شمس



## دوانەی ناوازە

### ئاوێزانبونی مۆزیك و شیعر...

مۆزیك و شیعر، ئەودوانەیەی بەیەکەوە لەدایك نەبون، وەلێ بە یەکەوە دەژین و یەکتری جوانتر دەکەن. کاتێ ئاوێزانی یەکتر


دەبن؛ ئەوین و سۆز دەهەژێنن، هەست دەجولێنن، جۆش و خرۆش دروستدەکەن، ئەندێشەکان دەخەنە سەمایەکی جاویدانی.
لەو ساتەدا کە(نەوزاد ڕەفعەت) گلەییی لەشۆڕش دەکرد، مۆزیکی گۆرانیی (من دەڵێم شاری دڵم باغ و گوڵستانە دەچم) ی(مامڵێ) لە عودەکەم پەخش دەبوو، کاتێ خەمەکانی نیشتمانی خستبووە کۆڵ، عودەکەم مۆزیکی (خوایە وەتەن ئاواکەی)دەژەنی.

کاتێ (قوبادی جەلیزادە) سەری بە کۆیە بڵندە؛ عودەکەی من مۆزیکی (چەندی گەڕام لەشاران)ی (هۆمەر دزەیی)ی دەچڕێ. لەگەڵ عودەشکاوەکەی (هاوژین صلیوە)دا عودەکەم دەنگی خۆشتر دەبێت. لەگەڵ ئەندێشەی شاعیرە بەهرەمەندەکانی تریشدا پەنجەکانم لەسەر ژێکانی عودەکەم سەمایان دەکرد و ئاوازی گۆرانیی کوردییان دەچڕی.

بۆیە دەڵێم مۆزیك و شیعر بەیەکەوە ڕۆح پاراودەکەن. هیوادارم توانیبێتم، بۆ چەند ساتێك، لەگەڵ ئەو هەست ناسکانەدا، ئاسودەیی و ئارامی بە ڕۆحتان ببەخشم.

***

## ئەحمەد ڕەزا



## کۆڕێکی جوان و گەورە

**لە سلێمانییەوە بە ناو تەم ومژو ڕەهێڵەیەکی بێئاماندا بەڕێکەوتین، بەرەو شاری جوانیی، کۆیەی پڕ دەنگی داهێنان و ئەزمونی گەورە.. ئەو ڕۆژە بە ڕاستی مایەی سەرسامیی من و**

هونەر تۆفیقو زمكان عەزیزی هاوڕێم بوو.. جگە لەو تۆفانە توندو بەهێزەی لە ڕێگە تیَ‌ی كەوتین كە تائێستە زۆر دەگمەن بینیومە لە ژیانمدا، ئامادە بوونیشمان لە كۆڕێكی شیعری فراوانی هاوڕێ ئازیزەكانما كە بەو جۆرە و ئەو هەموو دەنگە جیاوازە كۆببوونەوە، مایەی دڵخۆشیی و سەرسامییمان بوو.. دواجاریش ئامادەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی ئامادەبووان و تینوی شیعری هاوچەرخ ، كە دووبارە ئەوەش زۆر دەمێكە لە كۆڕی شیعریدا نەبینراون ، مایە سەرسامیمان بوو، هانی داین بۆ ئەوەی لە دەرفەتی نزیكدا بچینە حزوری ئەو ئەهلی داهێنان و جوانییە.

شیعرەكان ، دەنگەكان ، ئەزمونی نوێی ئەو هاوڕێیانەمان دڵخۆشی كردین.. كۆڕێكی جوان و گەورە و سەركەوتوو بوو، سوپاس بۆ بانگهێشت كردنمان.. دەستخۆشیی لە بەشی ڕۆشنبیریی كۆلێژی پەروەردە ئەكەین.. بەو هیوایەی نمونەی ئەم كۆڕە ببینینەوە.

***

# عبدالخالق یەعقوبی



## ***سوپاس بۆ شیعر***

**ئەم کۆڕە** یەک لەو کۆڕە دەگمەنانە بوو کە گەورەیی شیعری جارێکی تر بە ئێمە و لە نێو ئێمەدا سەلماندەوە؛ ئەویش کۆڕێک کە بۆ (٩) شاعیر لە دەڤەرە جۆراوجۆرەکان بەڕێوە بچێت. ئەم کۆڕە لەو سەرەوە بۆ من گرینگ بوو کە

هەستم دەکرد شیعر و بیسەر دەتوانن لە پەیوەندییەکی راستەوخۆ و زیندوودا بن، بێ ئەوەی پێویست بکات ئایدیالۆژییەک ببێتە نێونجی و خەوش بخاتە جیهانی شیعر و جیهانی بەردەنگی شیعرەوە. شاری کۆیەش، میوانداری ئەم کۆڕە دەلالە، جارێکی تر مێژینە بوونی خۆی لە بواری رۆشنبیری و ئەدەبیات خوازیدا سەلماندەوە، و بە راستی ئێمەی قەڵەمبەدەست و وێژەوان پێویستمان بە ئەو وزەیە هەیە کە جەماوەری خوێنەر و بیسەر دەیبەخشن و دەیبەخشنەوە. کۆیە لەم باری نالەبارەی دنیای ئەدەبی کوردیدا سنگفراوانیی خۆی نیشانی هەمووماندا. هیوادارم شیعری کوردی و شاعیرانی داهێنەری کوردوستان قەدر و قیمەتی جەماوەری خۆیان بزانن و لە رێگەی کۆڕ و کۆبوونەوەی لەم چەشنە گوڕ و تینێکی تازە بدەنە قاڵبی لەڕ و لاوازی بزاڤی شیعریمان و زیاتر لە جاران شیعر ببێت بە هێمای خەونی ئینسانی و نیشتمانیی هەموومان. سوپاس بۆ شیعر کە لە دەوری ئاڵای جوانی جارێکی دیکە وەکۆی کردین.

***

# ئاسکە



## نموونەی ئەم ئەزموونانە زۆرتر بێت

وەک دەستپێک پێم خۆشە ئاماژە بدەم بە هەڵسەنگاندێکی کۆڕەکە کە لە ئاستیکی بەرز دابوو، هەر ئەوەی کە کۆمەڵێک کەسایەتی و سیمای ناسراو و ناوبەدەر و

خاوەن ئەزموون لە بواری شێعر وئەدەبیاتدا لەوی بەشدار ببوون ئاستي كۆڕەكەی بردبووە سەرێ وكۆڕەكەی تا رادایەكی بەڕچاو خەملاندبوو، ئەمە ئاماژەیەكە بە قورسایی و پرستیژی ئەم كۆڕە.لە پاڵ ئەمەشدا كوڕێک بەو تایبەتمەندییەوە شایستەی خەلكی هونەر دۆست وكەسایەتی پەروەری كۆیەیە كە كۆبوونەوەی لەو بابەتە لە ئامیزی خەڵكی ئەم شارە چەند قات رازاوەتر خۆ دەنوێنێ. بەش بە حاڵی خۆم كە لە چەندین كۆڕێ لەو بابەتە بەشدار بووم وێنەیەكی تایبەتی بەرچاو كەوت و چێژم لێ وەرگرت .لە رووی تەكنیكیەوە ، كوالیتی لە سەرەوە بوو، هەر چەند دەكرێت باشتر بێت بۆ داهاتوو، لە رووی رێژەی بەشدار بوانەوە بەشدارییەكی باشی تێدا كرابوو، لە رووی ریَک و پێکی بەشدار بوانەوە دەبا كارێكی باشترو بە بەرنامەتری بۆ كرابا ، هەر چەند بەو حاڵەشەوە زۆر ئاسایی دەهاتە بەر چاو، ئەوەندەی من ئاگام لێ بووبێت بەرهەمەكان هەستی بەشدار بوانی دەبزووت و بە مەراق و تاسەوە هاتبوون بۆ كۆڕێكی وا مەزن  دەست خۆشی لە بەڕێوەبەرانێ كۆڕەكە دەكەم و نموونەی ئەم ئەزموونانە زۆرتر بێت و جێی شانازیە بۆ من كە پێشكەشكاری ئەم كۆڕە بووم.

***

## شـــــاعیرەکان

# نەوزاد رەفعەت




## پرۆفایل

- ( ١٩٥١) له هەولێر له دایك بووه.
- (١٩٧٥) بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی له زمان و ئەدەبی کوردی له کۆلێژی ئەدەبیات – زانکۆی بەغدا وەرگرتووه.
- (١٩٧٢) یەکەم بەرهەمی بلاّوکردۆتەوه.
- (١٩٨٨ – ١٩٩٢) له گۆڤاری (تەندروستی و کۆمەڵ) کاری کردووه.
- (١٩٩٩ – ٢٠٠٣) وەك زمانەوان له گۆڤاری ( ڕمان) کاری کردووه.
- له گۆڤاری ( کاروان ، ڕامان، هەنگ، نووسەری نوێ) و ڕۆژنامەی ( ستایل) وەك ئەندام ، سکرتێر ، سەرنووسەر کاری کردووه.
- ئێستا سکرتێری ڕۆشنبیریی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورده.
- **چاپکراوەکانی:**
  - دارستانی ئەو بناره . شیعر. (١٩٧٨)
  - نیگەرانی. شیعر. (١٩٨٥)
  - بەفری گەرم . شیعر. (١٩٩٢)

- هەژانی بەرد . شیعر. (١٩٩٩)
- باڵ لە فڕیندا سووتاوە. شیعر. (٢٠٠٤)
- شینی شالوور. شیعر. (٢٠٠٨)
- ڕێی تاوسان . شیعر. (٢٠١١)
- بلوێری سپی . شیعر. (٢٠١٢)
- کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵان.
- کۆمەڵێك چیرۆك و شیعری وەرگێردراو لە زمانی عارەبییەوە.
- کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی مێژوویی کۆنی عیراقی. وەرکێران لە زمانی عارەبییەوە.

# کۆڵینگ وەشێن

*بۆ ڕوحی پاکی هاوڕێیم (مەجید حەمەدەمین سلێمان خەمناك)*

**لە ژێر خاك هەڵدەسێتەوە و**

**بەدیار لاشەی کرم خواردووی خۆی و سرووودبێژەکانی**

**پەرستگەی ساردوسڕەوە**

**قوم.. قوم.. ژاراو دەخواتەوە و شین دەگێڕێت**

**هەزار ساڵە...**

**لە سەفەر و کۆچدا بەدوای دۆزینەوەی**

زەمانی بێ نەوایاندا

چیای پیری و سەری بڕراوی دەگێڕێت

بای برینداره.. دەناڵێت

قوڵپ.. قوڵپ.. بڵێسانە هەڵدەقوڵێت

بە کوڵینگی تووڕەی ڕاستی

ئەم چامەیە بە ئارەق و فرمێسك و خوێن ئەفرێنراوەی

لە دەروازەی شار و شوورەی قەڵای خاپوور هەڵدەکۆڵێت:

وا چاوەکان کز وکول بوون

تازە خۆزگە بە هەڵۆیان

تیژ و ڕوونیان ناکاتەوە

چنگ و ددان هەڵوەریون

خۆزگە بە شێری بێشەڵان

تەرمەکان ناژیێنێتەوە

بروسکەی نارەوای نەفرەت سووتاندوومی و

قۆچی مامزی پێکەنین

لك..لك.. بەرزنابێتەوە

خەڵووز سەوزدەبێتەوە؟

ئا.. ئا.. ئاو و ئاو ڕۆیشتین

دۆڵاو دۆڵ زێ بردمانی و

کەس بێشکەی نەگرتینەوە

فریادڕەسێك مەلۆتکەی بێ نەوای هەڵنەگرتینەوە

قاز و قورینگ بەسەرماندا ئاوابوون و

بەساڵداچوون بەهار و جەژنی دومووزی

سەرتاسەری ئاهەنگگە پۆشی دڕکەزی

فریشتەی خۆشترین ڕوئیا

دواپێڵووی لێکنا و گیانی دا

کامەشێت لە سەهۆڵبەندانی دۆزەخدا

چلێك چریکەی چنیوە.. چڵەنێرگز؟

یان لە گڵکۆدا پەپوولە و پەلکەزێڕینەی بینیوە؟

هەر تەوار[1]ی پرچ بەقوڕ

پەڕەمووچی باڵەکانی لە دڵی هەڵدەکێشێت و

مەرگنامەی فەرخەکانی پێ دەنووسێت

پەڕەسێلکە بێ وەفاکانیش بن میچی

مێژووی سپیی موغەکانیان بیرچووەوە

ئاگری ئاتەشگەدەی دڵ

بە ئاسماندا هەڵنەچووەوە

هەر بە پایزنامەکانی با زانیمان

گوڵەکان و کۆترە نامەبەرەکان و پەرییەکان

لەگیانەلادان

هەر بە چەمەرینامەکان تێگەیشتین

چاوی چاوەڕوان کوێراییی داهاتووە و

ویردخوێنە سیما نوورانی و

پەپوولە باڵ سووتاوەکان نایەنەوە

ئەستێرە کشاوەکانیش کوژراون و هەڵنایەنەوە.

بۆ ئەو بیرەی

بە نینۆك و بە قووڵاییی تەمەن لێم دا

نەگەیشتە مزگێنییەك؟!

نەگەیشتە گەنجینەی ئاوێکی شیرین؟!

بۆ هەر بە لووتمەوە نووسا

کراسی دڕاوی خوێنین؟!

ڕۆژگارێك شێری ئۆرۆك و خمباباکوژبووم بۆ دۆڕام؟!

ئەو تاشەبەردەم نەبردە سەر لوتکە تا

بەسەر سەری خۆمدا گلۆرببێتەوە

نەشبوومە مەیتەری هەسپان

تا سمیان جەستەم بشێلێت.

بە پشتی دەست

چۆڕاوگەی ئارەقەی هەنیەی دەسڕێتەوە و

قوڵنگەکەی شەو و ڕۆژ دەزرنگێتەوە:

کام میهرەبان

ئێوارەیەك

تەق.. تەق.. لە دەرگا دەدات و

مشتێك ئێسك و خۆڵەمێشی

ئەو قرشانەم دەداتە دەست..

ماسیی خەونەکانیان خواردین؟؟

کێ زمان دەبەخشێتەوە شالوورە لاڵ کراوەکان[٢]؟

قاچی کێ پان دەکاتەوە سیسرکە زاڵ کراوەکان؟

ئای! ئای!

قالاو.. قالاو..

چاو.. خورا..چاو..

ئەو پەنجانە هەڵیان دێراین

تیژ.. تیرانە..

ئاماژەکرابوون بەرەو مەیخانەی سەنتوور و ستران

ئەو ڕەواق و ئەو تاقانەش فریویان داین

لەسەریان نووسرابوو بەهەشت

خۆ شینەشاوە سادەکان

وانەیەکیان لە قەپی ڕێوی وەرنەگرت

ماسیگرە خەڵەتاو و نەورەسە خەڵەفاوەکان

بەبان گەمەی سەرابەوە

بەبان گۆلی سەرابەوە

چەرخ دەدەن و دەخوێنن

بێ دالّدەکانیش بێهوودە .. هوردە.. هوردە..

تۆوی پووچی بەختەوەری لەدڵی بیابان دەڕوێنن

بووکە بەبارانەکانیش

تاوێك بارانیان نەهێنا

تەڕبکاتەوە زار و شار

بگەڕێتەوە مێرخوزار

نەمانزانی ڕێگای هەتاو سەخت و دوورە

نەمانزانی هێندە پڕ کەند و هەڵدێرە

هۆ!! نیشتمان..

ئەی هێلانەی بە ستری و کەسەر چنراوم

ئەی ئەو بیر و ئەو زیندانەی

دایك و باوكم بۆ هەوەسێك چێژێك..تێیان فڕێ داوم

ئەی ئەو تەلبەند و دۆزەخەی بەكرێ و باج

لێی دانیشتم

ئەو گڕكانە هاروهاجەی بە ناچاری لێی هەڵنیشتم

نیشتمانی پڕ دڕكەڵانی دڵتەنگی

نیشتمانی پڕ دەست ڕەشی بەخوێن سەرخۆش

نیشتمانی پڕ هەورنشینی بێ هۆش

دڵم نەهات

یەك تیشە شاخت بدۆشم

تۆزێك.. دەنكێك..

خۆڵی پیرۆزت بفرۆشم

لە تۆران و تووڕەییشدا

پلێنگەكانی سەركەشیم نەپێكاویت

**پەڕ پەڕ باڵی سیمرخم هەڵنەکێشاویت**

**ئەدی بۆ مۆرانەی حەسرەت ئێسکم دەخوات؟!**

**بۆ جۆگەلەی لێڵی مرازی خائینان**

**خوڕ.. خوڕ.. سەرەوهەوراز دەڕوات؟**

**چ ئەفسوونێك**

**ماسی لەبەر چاوی ئاو خست؟**

**ئۆف!! نیشتمان..**

**خۆت دەزانیت**

**ژیان.. ژیان..**

**کووپەیەکی پڕ لیرەی وەفا و ئەمەك بوو**

**پڕ نووری مەردی و نمەك بوو**

**لێیان دزین و بۆ خۆیان**

**قا..قا..قا..قا.. تێر پێکەنین**

ڕۆژپەرستانیش لەداخان هۆڕ هۆڕ گریان

هۆن.. هۆن.. گریان

گریان خۆشتر و گەشترم دەسووتێنێت

ئەو ڕوندکانە پەرەنگ و چەخماخەی ئاگردانێکن

کە مەگەر هەر تیتڕواسکە دێوانەکان

لەتینوتاویان بزانن

بەرەڵڵابوونی بلبلە شەیداکانن

لە قەفەزی ترس و شەرم

لەجیاتیی هەموو شکان و نامرادی و کۆستەکانن

شەڕوشۆری دەستەویەخەی ئاگردزن

لەگەڵ ڕەوە داڵی سزای زێوسەکان

لەگەڵ ئەو جادووگەرانەی

حەوت کوڕیان بمرێت لە باوان

هەر كليان نابڕێت لەچاوان

ڕەنگە باوكم منى لە تكە فرمێسكێك خولْقاندبێت

يان دايكم مەمكى پڕ نووزەى لە زارنابم

بۆيە چاو هەورى زستانە

بۆيە نێوم كوڕى ڕووبارى گريانە..

كوڵێنگ وەشێن

چراهەڵگرى هەڵۆەدا

بە كۆڵان و

بەشەقامە چاوەڕوانەكانى شاردا

زوير.. زوير.. خەمناك.. خەمناك..

تـ..ێـ.. د.. ە...پـ..ە.. ڕ..ێـ..ت

بە چرا بۆ خۆر دەگەڕێت

★★★

بەردەنووسی ئەم چامەیە

- چامە نەوەك پینەوپەڕۆ

بێ تانوپۆ

بێ تاموبۆ -

فێنکاییی دڵی ئەرباب و خۆشمێرانە

هەم چقڵی چاوی ناخ ڕەش و نەیارانە

یاخوا ئەوەی دەیشکێنێت

یاخوا ئەوەی دەیڕووشێنێت

تا حەوت پشت نەفرەتی لێ بێت

تا حەوت پشت زگی بسووتێت.

٢٠٠٦

١- *بازی مێینە.*

٢- ئەفسانەی شاتیریۆس ...

کۆتایی

# فازیل شەورۆ




## پرۆفایل

- *( فازیل حەمەد عەبدوڵڵا - شەوڕۆ ) ساڵی ( ١٩٥١ ) لە شاری کۆیە چاوی هەڵێناوە.*
- *(١٩٧٥) بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.*
- *(١٩٧٢) یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی بڵاوکردۆتەوە.*
- *ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.*
- *بڵاوکراوەی لە زۆرەبەی رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا هەیە.*
- *(٢٠٠٢) خەڵاتی شانۆگەریی شەهیدی لە شاری(سرتی لیبیا) وەرگرتووە.*
- *(٢٠٠٤) خەڵاتی شاری (دبلن)ی لە کۆماری ئایرلەندای خوارو پێبەخشراوە.*
- *( ٢٠١٠) خەڵاتی سەید برایمی بۆ ئەدەب و هونەرو کەسایەتی پێدراوە.*
- *(٢٠١١) خەڵاتی فیستڤاڵی شیعری کوردی پێبەخشراوە.*
- *(٢٠١١) خەڵاتی رێزلێنانی بەرێوەبەرایەتیی پەروەردەی کۆییەی پێبەخشراوە.*

- ***ئەم بەرهەمە ئەدەبیانەی چاپکردوە :***
  - ***کۆترێک لە ئاگر ــ شیعر ٢٠١١***
  - ***دەنگ لە شیعری کەریم دەشتی دا - رەخنە . ٢٠١٢***

- **هەورازەکانی کاروانی تەمەنم – حەسەن کاکە . دارِشتنەوە . ٢٠١٣**
- ***دوو لێکۆلینەوەی ئەدەبی/ نامۆیی مۆتیڤێکی شاراوەی داهێنانە ، شیرکۆ بێکەس و پاپلۆ نیرۆدا وەک دوو نموونە / نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەتی ئارام سالح - رەخنە. ٢٠١٣***

## ( ئاوارەیی )

عەیامێکە

هەر چوار ژووری کۆنە کەلاوەکەی دلْم
داوە بەکرێ :
لەسەر کۆشک : کورد وستەم
لە خوارەوە : دایکم و خەم ،
هەرچەند دەکەم
وێرانەکەم
بۆ چۆل ناکەن ،
بەم دلْەوە ،
رِەشماڵ نشینی غەریبیم ،
ئێوە... ئەرێ

*کەس شک نابەن*
*حوجرە – دڵێ بدا بەکرێ ؟*

## ( ڕەنگە شێواوەکان )*

تۆی پەژموردە ،
لەڕەنگ بەدەر ،
لە چاخی هەزارەی ڕۆحدا ،
خەیامانە
هەر خەریکی:
تووێکاری جەستەی مەی و
موتاڵەعەی سۆزی نوێژی،
چەند گوناحی!

ئەوان کوشتەی ڕەنگەکانن ،
تاریکیی لە ڕەنگی ئاودا
هەڵدەهێنجن،
چەند گوناحن:

سـيحرى جوانـى
ڕەنـگەكـانيـان ،
هـەر لـە توونـى
ڕەنـگى دەرپـێ و پـەردە و ئۆتۆمبيل
دەبيـنن،
چـەنـد گـونـاحن!

تـۆ لـەسەر بـەرماڵى حـەقدا ،
هێنـدە بڵنـد
دەسـتـەكانت هـەڵبڕێـوە ،
نـەختێـكى مـاوە بگـاتـە
عـەرشـى خودا ،
لـەسـەر حەقان ،
چـەنـد غـەدارى!
ئـەوان لە خمخـانـەى خـوێنـا
لـە پێنـاوى عـەرشى خـۆيـان ،
بـۆ هـەر ژنـە چنـارێـكى ئـەم وڵاتـە
چـەند دەستە كراس و كـەوايـان
لە خمنـاوە...،
چـەنـد غـەدارن!

* * *

تـۆ گـوڵاوە دزراوەکـان،
بــە گـوڵـەکان دەدەیتــەوە،
تیشکە ڕژاوەکـانی خـۆر
بـۆ چـاوکزان دەبـەیتـەوە،
مـاچی لێـوە تـۆراوەکـان

بـەیـەکتـر شـاد دەکـەیتەوە،
چـەنـد جـەربـەزەی!
ئـەوان بـۆ پـەرداخێـک بـادە ،
چـاوی ڕەزەکـان کـوێـر دەکـەن،
بـۆ بـاوەشـی جـووتـە مـەمکێـکی سۆزاني
خـۆر لـە ئـاسـمانـدا دەردەکـەن ،
خـۆ بـزانـن پـەپـوولـەیەک،
خـونچـەیەکی مـاچـکردوە
هـەرچی لێـو هـەیە لەدونیـا
بـەبـەر چـەقـۆیـانی دەدەن،
چـەنـد جـەربـەزەن!

## (غیرە)*

ئای لەو عەقڵە

شەو

چارشێوێکی تاریک تاریک

بە دەوری شەوگار دەگێری

تا کە خۆت رووت دەکەیتەوە

هەر بۆ ئەو بیت

کەس نەت بینێیت.

# ( بەرائەتێکی گوناهبار )*

تـۆ ،
پـەڵە بـەرائەتێکی ڕەنگ ئاویلکە
من ،
ئـاسمانـي گوناحێکی ڕەش و تاریک
گـوێت لـەم تریشق و هـۆڕەیە ...؟
ئێسـتا ،
دایدەکـاتە مـاچ و ئـاگر،
ئـاگر ، بەسەر باڵای مندا و،
مـاچ ، بەسەر تۆ،
ئـاگرەماچیش
بەسەر ڕۆحی نـۆبـەرەیەک ،
کـە گوناحبارە و بێ گونـاح

## ( گوڵ )

**هەندە جوانم  هەندە جوان**

**دڕکیش حەسوودیم پێدەبا**

**زوو ژاکاوی و هەڵوەرینم**

**لەو داخەیە**

**ئەوان دەڵێن:**

هەر دڕكین و دڕكیش دەبین

منیش دەڵێم هەر هەمووومان بۆ گوڵ نەبین !

## ( كەناری چەم )

دەوێنێ

لەسەر كۆشی سەوزم

كراسێكی ڕەش

گۆێكی ڕەش

چاوێكی ڕەش

تاوێ پێكەوە دانیشتین ،

كە ڕۆیشتن

بالاَی دارەکانم ڕەش ڕەش

گوڵی یاڵەکانم ڕەش ڕەش

چاوی ئاو و

ڕەنگی ماسی خەونەکانم

ڕەشتر لە ڕەش.

## ( پرسیارێک )

منداڵێك لە پای ئەنفالە شیعرێکی لەتیف هەڵمەتدا

نیگارێکی قشتی کێشا

بەڵام زوو ڕەشی کردەوە ،

نیگاری دووەمی کێشا

ئەویشی هەر کوژاندەوە ،

نیگاری سێیەمی نەخشاند

ئەویانی هیچ  بە دڵ نەبوو ،

لە  دەیەمین نیگاریدا

پەنجەکانی بوون بە جیلکە و

هەر دوو چاوی پڕ بوون لە ئاو

سەری هەڵبڕی بۆ ئاسمان : ئۆف  خوایە  .. کیان !

دەبێ کام فریشتەی نورانی تۆ

جوانیی  و شکۆی دایکە ئەنفالکراوەکەی  منی هەبێ؟

***دە خوایە گیان.... تۆ پێم بڵێ***

***ڕەنگی ئەنفال لە تێکەڵەی***

***چ ڕەنگێکی یەزدانیدا پەیدا دەبێ؟***

## ( خەنجەرەکان )

***زور سبەینان***

***خۆر پێش ئەوەی بێتە لامان***

***بە شمشێری تیشکەکانی***

***مانگی چاو گەش تیرۆر دەکا.***

***کەچی جارێ***

ئەو مانگە شەنگە زیز نابێ

★★★★

هەموو ساڵێ

بۆ چەند مانگێ

بێ ئیجازە

بەفر مەمگی لوتکە دەگرێ و

لووتکە هەرگیز یاخی نابێ.

★★★★

ساڵ دوانزدەی مانگ

ئەم سۆلاڤە

***دەم و چاوی بەردەکانی ئەم قەد شاخە***

***ئاو پژێن و ڕەنگاو دەکا***

***کەچێ بەردێك ورتە ناکا.***

************

***بەلام ئەگەر پەپولەی سووتاوی دڵێ***

***بنیشێتە سەر گوڵێکی ڤەلەنتاین***

***خەنجەرەکان ڕاست دەبنەوە و***

***ئەنفالچییانە هێرش دێنن***

***دڵ لە سینەی گوڵ دەردێنن.***

## ( مانگ )

لەو دیوی هەورەکانەوە

هەر دێ و سەرە تاتکێ دەکا

دەبێ ئەو گوڵی ئامێزم بە خوشکەکەی خۆێ تێبگا ؟

یان ئەویش سووتاوە

بەڵام

شەرم دەکا بێتە خوارێ و

تـريفه ماچێكم لێ بكا !

**كۆتايى**

# ژاوێن شاڵى



# پرۆفایل

- *(ژاوێن بایز شاڵی ئەحمەد)* ساڵی *(١٩٨٦)* لە دایك بووە.
- *(٢٠١٠) بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە* تەکنەلۆجیای پرۆسە کارگێڕییەکان -کۆلێژی تەکنیکی- زانکۆی تەکنەلۆجی لە سلێمانی ***وەرگرتووە.***
- لە ( ٢٠١١)ەوە وەک دەستەی بەڕێوەبەرو بەرێوەبەری رووناکبیریی لە
  بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ لە سلێمانی کارئەکات.
- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.
- دەستەی دامەزرێنەری بزاڤی ژینگە و یەکسانییە کە لە (٢٠١١) ەوە دامەزراوە.
- لە چەندین رۆژنامەی لۆکاڵی وەک رۆژنامەنووسی ئەدەبی کاری کردووە، لەوانە (نۆژەن ٢٠٠٥، چاودێر ٢٠٠٥، ئاسۆ ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٦ ، ساتی دەنگەکانی عێراق ٢٠٠٦ ، کوردستانی نوێ **لە** ٢٠٠٦ بۆ ٢٠١٠).
- لە ( ٢٠١٣ ) لە یەکەمین فێستیڤاڵی کەڤاڵ بۆ شیعر و چیرۆك لە هەولێر خەڵاتی یەکەمی شیعری بەدەست هێنا.
- چەندین خەڵاتی رێزلێناني ***وەرگرتووە*** و بەشداری لە چەندین فێستیڤاڵ و کۆڕی ئەدەبیدا کردووە.

- **بەرهەمە چاپکراوەکانی:**
  - ***پاییزی عومری من.***
  - ***نە تۆ مایەوە ... نە باران.***

❋❋❋

# پەرشبوونەوەی بێدەنگی

ئەوە زەمینە لەژێر پێما ئەلەرزێ؟

یان لەرینەوەی ئاوێنە شکاوەکانی رۆحی منن

کاتێ بەریەك ئەکەون..

ئەشێ تکانی دوا دڵۆپی مەرکانەکانی ئەوینێك بێت..

یاخود بڵاوبوونەوەی خەبەری لەناکاوی گیرانی مانگێك بێت

ئەودەمەی

شەو بەلێزمە بەسەر سەحەری ئەوینێکا دائەکات و

مروەتی خۆرێك هێوری ناكاتەوە

تاریكیی وێنەی نەمامێك ئاڵاوەتە چەرچەفەكەم و

پرشنگی هەلاَتیَ رۆشنی ناكاتەوە..

ئەو نابینیَ

لە دادگای چ زوڵمەتێكا مەحكومە

رۆژەكەی!

باكی نییە

لەئاسمانی چ حیرەتێكا

باڵشكاو كەوتۆتە پەلەقاژەی كەوتنیَ

كۆترەكەی..

مروەتیَ نابەخشێتە وتن و

بۆ دواجار ناچێتەوە بەر وێستگەكانی خۆشبوونیَ

بۆ سەفەری كافرۆشەكەی..

ئەوە زەمین نییە لەژێر پێما ئەلەرزێ..

رەنگبێ نییەتی سەفەرێکی بێ وادە بێ و

پێچانەوەی وردە گەڵاکانی دوا پاییزبێ

لە جانتا بەتاڵەکەی..

ئەشێ پەرشبوونەوەی رووناکی

تاریکییەکی رەهابێ

لە جەننەتی تەنهاییا..

یاخود بەکۆتا بوونی رێگەیەك بێ

کە وادیار بوو سەرەتایە

لەوانەیە درکاندنی رازی بەباران نەبوونی هەورێ بێت

ئاسمان تەم بێت..

یاخود جێهێشتنی مەعبەدەکانی عیشقێ بێ

لە ترۆپکی پیرۆزییا

ئەو دەمەی..

جۆگەلەی گومانێکی قاوەیی

دەڕژێتە نێو دەریا روونەکانی یەقین

ئارامیم ئۆقرەی لێ ئەبڕێ و

تەزووی گوناهێك

رۆحم شەقار دەکات و

لافاوی هەڵچوونێ

سەرەولێژ

قسە دێنێتە وتن و

دەنگی بێدەنگییەك خامۆشی بەخەبەر دێنێت..

ئەوە زەمین نییە لەژێر پێما ئەلەرزێ

پێئەچێ خۆم بم و

بێ جانتا بەرەو هەوار بڕۆمەوە ..

لەوانەشە دەنگی رۆیشتنی راوچییەك بێت

ئەو وەختەی لە راوی کۆترەکان ئەبێتەوە. .

ئۆه.. ئەشێ دەنگی پێی تەنیایی بێت

وەختێ بە ئەسپایی دەرگای یەکتاکی پەنجەرەکەم

ئەکاتەوە..

لەوانەشە هیچیان نەبێت!

تەنها ئەوەندەیە

خاڵییە سینەم

سەرم گێژئەخوا..

★★★

## کۆلارە ئەوینێکی تر هەڵنادەم بێ تۆ

چ خۆشە بەتەنیا
بەسەر شەقامە خۆڵگرتووەکانی شارا
پیاسەکردن و
نم نم بیرکردنەوە لە تۆ

بە ئاوی حەیات سوێند ناخۆم
بة تینویَتیم،
لەدووری تۆ..

بوونێکی سەرلێشێواوم هەیە
پێویستم بە هەر شتێکە ئارامم بکاتەوە
بۆنموونە
بوونی تۆ..
نەهۆکارێکم هەیە بۆ ژیانکردن
نە بیانوێك شك ئەبەم بۆ مردن،

بێ تۆ

پاییز بە سەرما دائەکات و

**چەتر بۆ بەهار هەڵناکەم**

بێ تۆ..

لە شەقامی ئاوەدانی ئەپەڕەوە و

دێمەوەناو خۆم،

خۆم بێ تۆ..

بڕوا بە میهرەبانی سروشت دێنم

کاتێ چاوم لەچوارچێوەئەگرێت و

بیناییم رادەژەنێت..

چ ونبوونێکی جوانە بێ تۆ..

**مۆمی چاوەڕوانییەکی دوور دائەگیرسێنم**

بەختەوەریم هەڵەوەرێ،

تاقەت نابەخشمە هیچ!

ئاخر من، هیچم ناچێتەوە سەر خۆم

بێ تۆ..

دەست بەدڵی ئێوارەدا دێنم و

شەقام هەنگاوڕێژ ئەکەم

دەمێ کز ئەبێ رۆژو

دائەگیرسێن چاوەکانی تاریکی

بێ تۆ..

دیسان شەوەو

رۆژ چیرۆکێکی نوێی پێ نییە

بۆ ژێرکردنەوەی منالّی
وەختێ بە دەم جەنگی گەورەبوونەوە ئەگری و
سپێدە ئاهەنگی ئاشتبوونەوەی بۆ ناگێڕێت
بێ تۆ..

بەژێر پێی کاژێرەکانەوە ئەبم و
بە دموراد لە چاوەڕوانییا
جێ ئەمێنم،
پیرئەبێ پێکەنین و
لە خۆڕا زیاد ئەکەن ژمارەی ساڵەکانی تەمەنم
بێ تۆ..

لە ئاوێنەکان تووڕە ئەبم و
وێنەکانم پەڕپەڕ ئەکەم
شەقامەکانی خەیاڵ ئەپێچمەوەو

بیانووەکانی مانەوەم ئەسڕمەوە

بێ تۆ..

لە پرسیار بێ وەڵامترو

لە گومان بەدترو

لە ترس گەمژەترە

باران بێ تۆ..

لە پەنجەکانی بیتهۆڤن

توڕەترو

لە دڵی شۆپان عاشقترو

لە سەمای ئێوارەی ئاوازێکی باخ

نیانترم،

بێ تۆ..

مەوداکان فرەئەبن و

قەرەباڵغ ئەبێت تەنیاییم

بێ تۆ..

ئەکشێ شەوو

لە وشکانییا نوقم ئەبێت

وڵات بێ تۆ..

مردن دەگات و

تۆ ناگەیت..

لە هەوای ئەم ژوورە دڵتەنگە

دێمەدەرێ و

دەڵێم، چش لەمردن

بێ تۆ..

له ژووری بێ دەرگای نیشتیمان
هەڵدێم و
پەرژینێك بەدەوری تەنیاییما
دروست دەكەم،
كە دەزانی رۆژگاری ئەم نیشتیمانە
چ تاریك و تەنگە
بێ تۆ..

جادەكان تاقەتیان لێم ئەچێ  و
گوڵەكان لە نێو دەستما هەڵئەوەرێن
بڕوام بەسپێدەیەكیتر نییەو
كۆلارەی ئەوینێكی تر هەڵنادەم
بێ تۆ..

له نةفرةتي بارانێکا هاتیت
هەرچی دەنگی پێکەنین و
رەنگی ئارامی و
گەشی ئاوەدانیمە
بۆ خۆت برد و

له کوچەتاریکەکانی بێدەنگیتا
نەفیت کردم،
ئێستە
له قەراغی خلیسکێنەری ئەم تەنیاییەدا
کزکز ئەچمەوە،
بێ تۆ..

٤٧ رۆژ بێدەنگی و
٥٣ رۆژ جەنگ و

٢١ کەمین ڕۆژی مانگ

باران..

هەر بێدەنگ و هەر باران و هەر جەنگ

تەنیا دەچێتەوەبێ تۆ..

بەدەستێك تەنیایی دەنوسمەوە و

بەچاوێك لە دووت دەگەڕێم

یەك هەنگاو و

پێنج پەنجەی پێ و

یەك تاك پێڵاو

هەموو ئەمانە و زیاتریش

ناقس دەچنەوە

بێ تۆ..

لە قسە بێزارم

گوێم دێشێ،

تەنیاییم تێك دەئاڵێت و

خاو نابێتەوەپرچی خۆشبەختیم

بێ تۆ..

تۆ لێرەیت

کاتی ئەوەهاتووە من بڕۆم،

تۆ بەخۆت و

دڵێکی شاد و

دەستێکی پڕ و

هەنگاوی درێژتەوە

ئاسمانی غرورت بڵندتر ئەبێ،

من

بە دڵێکی تەنگ و

دەستێکی بەتاڵ و

ئاسمانێك هەرەسەوە

دەمارەکانم خوێنی مردنیان تیا ئەخرۆشێ

بێ تۆ..

من رۆیشتووم،

بێخەمبە..

دەچمە مەملەکەتی باڵداران و

سەفەری نەگەڕانەوە دەست پێئەکەم

بێ تۆ..

جەنگی رەنگەکان ئەکەم و

لەسەر پەڕی گوڵی سپی

هەموویان کۆئەکەمەوە

بێ تۆ..

له دنیا خۆم بێخەبەر دەکەم و

دەنووم

تەنیاییم خەو دەیباتەوە

بێ تۆ..

**کۆتایی**

## ئارام ساڵح




## پرۆفایل

- له شاری کۆیه له دایك بووه.
- کۆلێژی یاسای له زانکۆی کۆیه تەواو کردووه.
- له دوای ڕاپەڕینی بەهاری( ١٩٩١ )ەوه بەکاری ڕۆژنامەنووسییەوه خەریکه.
- جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی( هاموون) و سەرنووسەری گۆڤاری ( هاوچەرخ) بووه.
- ماوەی ده ساڵ ( ١٩٩٣ – ٢٠٠٣) بەرنامەیەکی ئەدەبی و هونەری به ناوی ( گوڵزا ری ئەدەب و هونەر) له تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئامادەوه پێشکەش کردووه.
- بەرهەمه چاپکراوەکانی:
  - ***مۆژدەی مەرگی گەرەڵاوژە . شیعر . ١٩٩١.***
  - ***نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت . شیعر . ٢٠٠٥.***
  - ***پرۆژەی ١٠٠ دیداری بڵاونەکراوه . ٢٠١٣.***
  - ***ئەوین ژەن . شیعر . ٢٠١٣.***

# قەدەر

لەهیکڕادەردەکەویت و

دەسرێیتەوە بەپرتاوی

چ قەدەرێکی غەمگینە

کەتۆلەدەریای ویسالم

هەمیشە نەخشی سەرئاوی

## داڵەنگین

لەبن باری خەمی دابڕان

واخەریکە ئاوزینگ دەدەم

لەم چۆلەوانی غوربەتە

کوا دەسباری سۆزێك هەیە

بۆ ئەم ڕۆحە داڵەنگیوەم

## فریاد ڕەس

لەم بەستەڵەکی ژینەدا

کوافریاد ڕەس

مەگەر لێوەلەرزەی ڕۆحمان

بدەینە بەر هە تاوی ماچ

## باخی دەمی سپی بۆتەوە لە با

/

لە پێشانگاکانی جوانی

باخ بە زمانی گوڵ ئەدوێت و

مانگیش بە زمانی خەرمانە

٢

## گوڵ

جێ ماچی جوانیە

بەسەر کوڵمی باخا

٣

بولبول

تێکستی نەغمەی خۆی

لەسینەی باخ تۆمار دەکا

٤

گوڵ جوانترین

زەردەخەنەی لێوی باخە

٥

*بەهار سیدری*

**خۆشخوانیەکەی**

**لە چریکەی ڕەنگاوڕەنگی گوڵ ئەنوێنێ**

٦

*پەپولە چەندە شەرمنە !*

**کە باخ خۆی ڕووت دەکاتەوە**

**پشتی تێدەکا و جێیدێڵێ**

7

*هێرۆ*

**قەت عەتر لە خۆی نادا**

بە گوێرەی قسەکانی باخ

پێدەچێ بە بۆن کەوتبێ

8

*کە نیسان دەبێتە میوانی*

باخ دەدا لە گەردنی و

بە گوڵ چاوانی دەڕێژێ

9

*شەریعەتی باخ ڕێپێداوە*

بە بەرچاوی بەهارەوە

10

***هەردەم شنە***

**بۆنی گەردنی باخ دەکا و**

**باخ دەنگ ناکا**

**بە پێچەوانەی ڕەشەبا !**

11

***بانە***

**دەمی سپی بۆتەوە لە با**

**کە بەلایا تێپەڕ دەبێ**

**شانی بۆ هەڵدەتەکێنێ و**

**هیچ شتێکی بە قسە ناکا**

12

## *گوڵ سەرخۆش بوو*

**ناو ناوە بەلادا دەهات**

**- ئەمە شاهێدی شەماڵ بوو**

**کە لە باخا پیاسەی دەکرد**

13

*بەهار دەستی*

**بەر سینەی کەوت**

**باخ لە شەرمان**

**گوڵاڵەی ڕووی سوور هەڵگەڕا !**

14

*ناز ناز*

**هەر سەر لەئێواران**

**بەسەر لاڕانی باخچەدا**

**خەوە کوتکە دەیباتەوە**

**سپێدانیش**

**لە گەڵ چرپەی پرشنگی خۆر**

چاوەکانی دەکاتەوە

ئەوە خۆت بووی

# باخی دڵت نازاو کردم

عەجەب !

ئێستاکە دەمبووێری و

ئاوی گوڵانم نادێری !!

لەو فەسڵی بێ وەفاییەتا

هێرۆی سیمام

گەشییەتی خۆی لەدەست داوە

گوڵە نازنازی عاتیفەم

چاوانی کز

وەنەوشەی ڕۆحم ژاکاوە

هەی بێ مروەت

بۆچ گەڵای عومرت زەرد کردم

ئەی خۆت نەبووی

باخی دڵت نازاو کردم ؟!

## سەفەر

هەردووکمان بەیەکەوە بووین

لەسەفەری جوانە مەرگی

ئەو لە دەریای ئاگر خنکا

من لە دۆزەخی فرمێسکا

## بەربەرۆچک

دڵم

لە ژین تەزیو ترە

دێمە بەربەڕۆچکی عەشقت

## ناکاو

لە دۆریخەی هیچ خەونێکدا

شەلەگە هەڵنابڕیتەوە

مەگەر شێت بم

کە هەر بەتەمای خاکاوم

## ژەهری ئاگر

بە نەرمایی ڕۆحمەوەی دا

پڕ پڕی کردم لە ژەهر

چ کولەوەیبابێك بوو ئاگر !

چۆڕان

لە زامی دەروێشان زەرگ

لە دڵی منیش

تۆ دەچۆڕێی

## نەفتیان

چیبکەم لەدەست

ئەودڵەی خۆم

گەرم گەرم

هەمیشە وەك

دەمی بورکان

چیبکەم لەدەست

ئەودڵەی تۆ

سارد وەك سەهۆڵ

چووەتە نێو

سوڕی خەفتیان

گەر سیقەی بە پایز نەبێ

باخ سەربەخۆ

چۆن خۆی بۆ ڕووت دەکاتەوە؟!

***

بە ڕووت و قووتی خەوتووە

لەسەر تەژگە سەرمای زستان

تومەز زۆر کفتە دارستان

## چ باڵایەک

شەنگە وەکو باڵای هەور

کاتێ کراسی ئاودامانی

تەنکی باران دەکاتە بەر ؟!

★★★

## تا نەهاتە

نێو تاڤگەوە

تووورتی مەمکی ئاو دەرنەکەوت

ئایەتەکانی جوانی ئاو

بە هەڵە لێك مەدەنەوە

با تاڤگە تەفسیریان بکا

★★★

لە بیلبیلەی بیرەوەریم

جاروباری

کە تارمایی گڕوگاڵێ بەدی دەکەم

وا

هەست

دەکەم

منالێمە !                                   کۆتایی

# قوبادی جەلیزادە




## پرۆفایل

- لە کۆیە لە( ١٩٥٣/١٠/١٠) لە دایک بوە.
- خوێندنی سەرەتایی و دوا ناوەندی لە کۆیە تەواو کردوە.
- لە سالّی( ١٩٧٦-١٩٧٧) کۆلیژی یاسای زانکۆی بەغدای تەواو کردووە.

- ماوەی ١٦ ساڵێک دادوەر بووە لە دادگا هەمەجۆرەکانی ، سلێمانی.
- **ئەم کۆمەڵە شیعرانەی چاپ کردوە:**
  - ***قەلەمێکی ردێن سپی.***
  - ***تەمتومان.***
  - ***سێدارەکانی بەهەشت.***
  - ***هەمیشە روو لە خودا هەمیشە مەست.***
  - ***شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات.***
  - ***ڤان ئیرۆتیک.***
  - ***خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا.***
  - ***ستیانی بەفر پڕە لە ریشۆڵە***
  - ***باخچەکانی مەلەک تاوس.***

***

# گوجیلە

من
و
تۆ
دوو سەگ بووینایە،
لە گوندێکدا،
لە باخچەیەکی ئاژەلاندا،
لەناو رانەمەڕێکدا،
پێکەوە دەژیاین.

بەرهەڵلاش بوینایە،
ماڵمان دەبردە،
نزیک،
قەسابخانەیەک.
بە جووتە،

به شوێن ئێسکە گۆشتا،
وێڵ.

بەدەم خڕکە بەردی،
منداڵە ورتکان،
بەیەکەوە،
دەمان قروسکان.
زستان،
بەیەکەوە،
تەڕی دەکردین.
قەشمەریمان،
به هاوین دەکرد،
زمانمان لێ دەردەهێنا.

کەی حەزمان کردایە،
دەوەڕین.
بۆنی یەکتریمان دەکرد.
لاقێکمان بەرز دەکردەوەو
به دارتێلێکدا،

بە قەدی درەختێکدا،
هەڵدەمیزین.

گەر
من،
سەگێکی گۆڵ و
تۆ،
سەگێکی دێڵ
بوویتایە؛
دەمێک بوو،
لەکەلاوەیەکدا،
جووتببووین.

تۆ،
لەکۆڵێتێکی تاریکدا،
ترەکی بوویت.

ببووین ،
به دایەو بابەی،
گوجیله گەلێکی،

سپی
و
رەش
و
بۆر
و
قاوەیی.

ئۆف یار...
بڕوانە،
مرۆڤ بوون،
چ دەردێکمان دەداتێ !

## پڕۆستات

تۆ...
ئەڵقەیەک
و
ملوانکەیەک
و
موستیلەیەک،
دەکڕیت.

من...
چاویلکەیەک
و
گۆچانێک
و
پشتێنێکی فەقەرات.

تۆ...
ژێر کراسێک
و
دەرپێیەک
و
مەمکبەندێک.

من...
حەبی شەکرە
و
حەبی جگەر
و
حەبی پڕۆستات.

تۆ...
بەیانیان،
بە شیر،
خۆت دەشۆی.
نیوەڕۆیان،
بە لیمۆ
ئێواران،
بە کەوسەر.

من...
بەیانیان،
قۆڵێکم سڕ دەبێ.
نیوەڕۆیان،
دەستێکم
و ئێواران،
لاقێک.

ساتێک،
تۆ،
ستیانێکی ڕەش دەبەستیت.
ساتێ مۆر،
ساتێ
پەمەیی.

من...
دەمێک،
دانێکم کلۆر دەبێ
دەمێک،
دانێکم دەلەقێ
و
دەمێک،
دانێکم دەکێشم.

من ...

کژێک،
درەختێکی کەسیرەم.
وەرزێک،
گەڵایەکی زەرد.
وەختێک،
خەزان.

تۆ...
تاوێک
بەرسیلە.
سەدردەمێ،
ترێ.،
گاڤێ،
گۆزەی شەراب.
تۆ،
سەر لە سپیدە
و
زەردەپەڕ
و

باخچە ،
دەدەی.

من...
دەچمە ماڵی؛
کفن فرۆش
و
گۆڕ هەڵکەن
و
کێل نووس .

# غەریبێت دەکەم موکری

مۆمەکان خامۆش
مێزی شەوانەم سەر نخوون
گلاسەکان پڕ لە خوون
گارسۆنەکان ،
شەرابی رژاو خڕ دەکەنەوە.

بەتەنیا دەخۆمەوە
بەرامبەر بالکۆنی شوققەیەک.
ژنێک لە وێندەر جغارە دەخوات.
قونچکی تەرو سوور،
فڕێ دەداتە سەر جادە
سۆتەک دەنیشێتە سەر سینگیی.

لەوێندەر،

جلەکانی هەڵدەخات.
لەسە رستی برژانگەکانی من.

مێردەکەی ،
بەلەدی ،
خاڵ بەخاڵی جەستەیەتی.
بەلام وەک من ،
رەنگی ستیان و
ئەتەگ و
دەرپێکانی نازانێت.

شەوان لە بالکۆنەکەدا،
گۆی مەمک و توتنی جگەرەکەی
بەیەکەوە دادەگیرسێن.

پەنجەرەکە دەکەمەوە...
جلکە چڵکنەکانی، هەڵدەداتە
ژوورەکەم.
ناو لەپم پڕ دەکات لە گۆپکی جگەرە.

ژوورەکەم تژی دەبێت لە وەنەوشەی
ورووژان.

بە تەنیام...
هاوڕێکەم ، سەفەری کردووە
نیوە پێکەکەی
قاپێک،
لیمۆی لەت و پەت،
هەتیو

بەتەنیا مەست دەبم..
ئەو ژنە بەرووتی ،
دەڕژێتە پێکەکانمەوە.
ئەو ژنە
لەناو ستیانێکی رەشدا
پارچە هەلا هەلا بوەکانی دڵم
کۆ دەکاتەوە.

داوەکە پسا

دەنکە تەسبیحەکان ،

پ

ە

ر

ت

مێز سەرنخوون

پێک پڕ لە خوون

گارسۆن وردوو خاش

موکری ، مرد

# دایکم دەچێتە بەهەشـــــــت

دایکم نوێژ دەکات ...
تا ،
ترومبێلی کوڕەکانی وەرنەگەڕێن .
تا ئیفلیج نەبن .
تا جەرگی نەسوتێ .

دایکم بە رۆژو دەبێت ..
دوعا دەکات ، زاواکانی
واز لە مەیخانە بهێنن
روو بکەنەماڵی خودا .

دایکم دەچێ بۆ حەج ..

بەرد دەگرێتە شەیتان
بەردە رەش ماچ دەکات .
تا ،
کچەکانی
بەدبەخت نەبن .

دایکم زە کات دەبەخشێت ..
بە دزیەوە
دەستی خەڵک دەگرێ .
بەڵکو شێرپەنجە ،
دەست لە مەمکی،
بووکە نازدارەکانی هەڵگرێ .

دایکم دەچێتە سەر مەزار ..
پەڕۆی کەسک ،
لەنێو چاوانی کێلەکان گرێ دەدات .
تا ،
خوشکەزاکانی نەزۆک نەبن.
برازاکانی کوڕیان ببێت .

دایکم لە شەوی " لیلة القدر " دا ،
ناخەوێ .
تاکو مشتێک، لە نووری خودای
بەرکەوێ .
تا بەو نوورە ،
"بودا " ئاشت کاتەوە ،
لەگەڵ
"موحەمەد" .
موحەمەد دەستکاتەوە
ملی " موسا " .
بەو نوورە ،
کڵێساکان ،
پاک کاتەوە،
لە خوێنی " عیسا ".

دایکم بەدەم تەسبیحاتەوە ،

لەسەر بەرماڵە خوریەکەی ،
خەوی لێ دەکەوێ .

دایکم پێغەمبەری ،
لە هەموو کوڕەکانی خۆی ،
خۆشتر دەوێ .

ئەوە من نیم ،
ئەوە دایکمە ..
گەر بۆی بلوێ ،
ناوی هەموو کوڕیک دەنێ ،
موحەمەد
ناوی هەموو کچێک ،
فاتیمە !

یەکە یەکە ، کوڕەکانی دایکم ،
مردن .
زاواکانی ، پێکیان پڕ کردن لە کوفر.
کرمی شێرپەنجە،

لە مەمکی بووکەکانی دا .
برازاکانی وەجاغ کوێر.

خوشکەزاکانی نەزۆک .
کچەکانی بەدبەخت .
پێغەمبەرەکانی خوێنرێژ !

دایکم ،
هەموو سبحەینەیەک ،
بە پێڵاوەوە ،
بە دەستەسڕێک فرمێسکەوە ،
دەچێتە بەهەشت .
تەنیا خۆی خۆی و
بەس .
فریشتەکان پێیان گوتوە ؛
کەس لەگەڵ خۆتا نەهێنی
نە کوڕ
نە کچ

نه نه‌وه .
كه‌س
كه‌س !

## ژنێك له‌و په‌ڕی دنیا

ژنێک ،
خۆشی ده وێم.

ژنێک ،
به ژن درێژ تر له به ژنی فیراق و
کورت تر له بالای زه رده خه نه.

ژنێک،
چاو ره شتر له شکست و
قژ خاو تر له رووبار.

ژنێک ،
چاوه ڕێی من ده كات.

منێک ،
ده چمه وه سه ر ره چه ڵه كی په پووله
كه چی ده بێ
به تفاقی شه ڕه وه رێكه وم.

ژنێک ،
خۆشی ده وێم.

ژنێک،
ده م ؛ گه رمتر له ئاگردانی گوڵ و
ده نگ؛

به جۆشتر له مۆسیقای ئاگر .

ژنێک ،
قۆڵ لووستر له ئومێدو

په نجه ناسکتر له خه ون .

ژنێک ،
چاوه ڕێی من ده کات.

منێک ،
له ناوله پی بیابان تینوو تر
که چی ده بێ ،.
به ریژنه یه ک بارانه وه بچم.

ژنێک ،
چاوه رێم ده کات.

مه مک ؛
گه وره تر له سێوی ئاده م و
بچووک تر له چنگی له زه ت.

ژنێک ،

هه ناسه بۆن خۆشتر له سه فه ر و
پێکه نین ئاڵتر له گریانی هه نار .

ژنێک ،
چاوه رێی من ده کات.

منێک ،
سه ر به بنه ماڵه ی شمشێر
که چی ده بێ
به ده سکه گوڵه وه بچم.
ژنێک ،
به ده ریایه ک ، عیشقه وه چاوه ڕێ.
منیش به دیار ،
سه ره و ژێر بوونی زه مینه وه
ئینتزار.

**کۆتایی**

# هـاوژین صلیـوە




## پرۆفایل

(*د. هاوژین صلیوە عیسا کـەریم*) لە (١- ٥- ١٩٧٩) لە گونـدی هەرمۆتـەی سەر بە قەزای کۆیە لە دایکبووە، سالآنێکە بـەکاری توێژینـەوەی ئەدەبییـەوە خەریکە و تا ئێستا بـە دەیـان لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی و فیکـری لـە ڕۆژنامـە و

گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە. ساڵی (٢٠٠٤) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی بە دەست هێناوە. ساڵی (٢٠٠٨) بڕوانامەی ماستەرو ساڵی (٢٠١٢) دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی بەدەست هێناوە. لە ساڵی (٢٠١٠) خەڵاتی یەکەمی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ بە دەست هێناوە، لە ساڵی (٢٠١٢) لە سەرئاستی هەرێمی کوردستان لە بارەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی خەڵاتی لاوی ساڵی بەدەستهێناوە.

ئەندامی (یەکێتی نووسەرانی کورد)و (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان)و(بنکەی ڕوناکبیری گەلاوێژ)و ئەندامی( یەکێتی نووسەران و ڕۆژنامە نووسانی کلدان)ە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (هەنگاوی نوێ) بووە، ئێستا ئەندامی دەستەی نووسەرانی( گۆڤاری کەکۆن)ە، مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە.

***کتێبە چاپکراوەکانی ئەمانەن:***

***١- لە پاییزەوە بۆ بەهار، شیعر.٢٠٠٧***

***٢- وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، توێژینەوەی ئەدەبی. ٢٠٠٩***

***٣- خوشکە نەسیمۆ، کۆمەڵێ حیکایەتی سریانی، وەرگێڕان .٢٠١٢***

***٤- مۆسیقای نامۆیی، شیعر. ٢٠١٣***

٥- ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، توێژینەوەی ئەدەبی 2013.

٦- خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە، ڕەخنەی ئەدەبی. ٢٠١٣.

٧- مێژووی هەرمۆتە. ٢٠١٣.

## چەپکێ هەناسە شیعر

سەرخۆشێك بەخێڵی هەنگاوی دەنا،

نیگای لاوێك بەگاگۆڵکێ

بەرەو تەنوورەی کچێ ڕێی دەکرد.

★★★

چۆلەکەیەك لەنێو سینگما دەفڕێ،

تانەگاتە درەختی گۆڕستان نانیشێتەوە.

★★★

بەفری فیراقت

چۆڕچۆڕ

بەسوێبانی

تەنیایمدا دادەچۆڕێ.

★★★

ئاوی شەهوەتت دایگیرساندووم،

ئای کەسەیرە!! ئاو ئاگر بکاتەوە.

★★★

هەر پێنج پەنجەی بە ئاراستەی یەك

لەسەر مشتووی دەستە ناسکەکەی نوقاندبوو،

نینۆکە سوورەکانی وەك خونچەی گوڵ

بەیەکەوە لکاندبوو.

★★★

ساڵەکان تەمەنیان دروێنەکردم و

ڕایان پێچام بۆڕەوسەی گۆڕستان.

★★★

لەجێی باران پەڕەی گوڵی سوور دەبارێ!،
دوعادەکەم دەڵێم خوایە،
پەڕە گوڵێکی سووری جوان
بەبەر پەنجەرەی قەیرە کچێ بێتە خوارێ.
خەنجەر فیشەکێکی بێدەنگە
قەوانی کالانەکەیەتی،
باڕووتیشی دەست و بازووی پیاوێکی ژن کوژە.

★★★

سەری ساڵەو
بەدیار پەرداغە ئاگرێك و
قاپێك مەزەی پشکۆوە دانیشتووم و
شیوەن لەنێو لۆچی گریانێکی منداڵیمدا دەکەم.

★★★

ئەم درەختە کۆترێکە
گەڵاکانی بۆ تەریوون،
باشووکەی پاییز لێی داوەوەو

پەڕەمووچەکانی هەڵوەریوون.

هەلاقخانە وەرزی پاییزە،
ئێمە درەخت و مەقەست ڕەشەباو
قژمان گەڵای وەریو.

★★★

وەرە گیانە لەسەر هەناسەی سووتاوم
نوێژە بارانەیەك بکە،
ئەوە چەند ساڵە،
هەورەتریشقەی
هەنسکی گریانم بێ بارانە.

★★★

هەنارێکی قەڵشیوی ددان سوور
دەمی پڕببوو لەئاو،

بۆدوو لیمۆی کیژۆڵەیەك،

کەنووشتابووەوە لەبەردەمی و

کێسکی دەدا بن دار هەنار.

★★★

## چەنگی نوقڵە شیعر

مانگ ڕوومەتی شەوێکی ئەسمەرە.

★★★

فرمێسك خوێنی سپی زامی دەروونە،

★★★

تەمەنم چگەرەیەك بوو،

بەدەم مژی ئازارەوە وا بەسەرچوو.

★★★

پەنجەکانی شنەی با چەندجوانن،
کاتێ تەزبیحات بەهێشووە قەزوانێك دەکەن.

★★★

ئاگر باشترین میوەی زستانە.

★★★

لەنێو شەپۆلی چرنوکی خەمدا
هاواری چۆلەکەی ئازار.

★★★

## شکست

بۆبەسەربردنی کاتی خۆش
لە گەڵم دەدوای
منی سادە نەمدەزانی کەتۆ ئاوای،
قژی خۆزگە و حەزەکانمت دەڕنیەوە

لەنا گڕی پەرچەمتدا
تاڵ تاڵ ڕۆحمت دەچنیەوە،
کەڕۆیشتی کۆست کەوتووبووم
وەك هەتیوی بێ داك و باب
تەمەنی جوانیت سوتاندم
شیلەی گەنجیمت دابەباد،
ماران گازم لەگشت عەشقێ
نزیك نابمەوە لەژوان
دەرگای دڵم داخستووە
گوێ هەڵدەخەم لەترپەی ژان،
تۆئاوێنەی دڵمت شکاند
پەرت و پەخشان بۆهەزار لەت
ڕۆحمت بەگڕی چاو سووتاند
دڵمت خستە نێو قەفی پەت،
ئەی بێ وەفا
چەندان شەو بێدارت کردم
هێند ڕاوەستام لەسەر ڕێتا
هەروەك و دار وشکت کردم،

ئەو زەبرەی تۆ لەدڵمتدا
وابەسەر یەك تێکت شکاندم
نازانم چۆن ئێستا ماوم
چۆن وەزگم نەداو نەمردم،
برۆ ئیتر جارێکی تر
پەپوولەی ڕۆحم نایێتە زیارەتی چاوت،
لەهاڕدی دڵ کوژاندمەوە
یادگاری و وێنەو ناوت.

## دەست ڕێژە..... م.../... چ...

ئێوارەیە
چریوە چریوی چۆلەکەکان
دەست ڕێژە ماچی ژنانە،
بەسەر کوڵمەی
دوا تیشکی سووری زەردەپەڕ.

★★★

# ماچە شیعر [1]

**کاتێ کێلی بێکەس شکا،**
**کاتێ پەیکەری خۆشەویستی ئاگردرا،**
**لەچێی پەیکەر**
**دوو درەختی ئەرخەوانی جوان**
**وەك لاولاوە تێکئالاّن و**
**بەری ماچە شیعریان گرت**

**لەجێی دوو کێلە قەبرەکەش**
**دوو ڕۆمانە شیعری جوان جوان**

---

(1) بەر پەرچ دانەوەیەك بۆئەوانەی کێلی گۆڕی شێرکۆبێکەسیان شکاندو پەیکەری خۆشەویستیان سووتاند.

بەقەد بەژنی شێرکۆبێکەس

باڵایان کرد.

★★★

## عودێکی شکاو[٢]

عودێکی شکاو بەدیواری کەلاوەیەك هەڵواسرابوو،

لەناویا هێلانەی چۆلەکەیەك و لەشوێن ژێیە پساوەکانیش

چریوەچریوێکی دڵ ڕفێن.

(1) پێشکەشە بەهاوڕێی ئازیزم هونەرمەند (د. هێمن عەبدولحەمید)ی عودژەن

کۆتایی

# موحسین ئاوارە




## پرۆفایل

- (١٩٥١) لە هەولێر لە دایك بووە.

- (١٩٦٩) یەکەم شیعری بە ناوی (سروودی پێشمەرگە )لە ئیزگەی دەنگی کوردستانی عێراق خوێندۆتەوە کە ئەوکات (پ. م) بووە.

- (١٩٧٢) بووە بە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد.

- (١٩٧٤) بووە بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر.

- (١٩٩٩) وە ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.

- (١٩٩٢ )- ١٩٩٦ ) جێگری سەرۆکی بووە لە یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر.

- ( ١٩٩٦- ٢٠٠٤ )راوێژکار بووە لە وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان.

- (٢٠٠٦ - ٢٠١٠)- لێپرسراوی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ بووە لە هەولێر.

- لە ئەیلولی ( ٢٠١٠ ) جارێکی تر هەڵبژێردراوە و بووە بەجێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر.

- له بەرهەمە بڵاوکراوەکانی جگە لەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاکراوەتەوە:

  - ***شەوارە - شیعر ١٩٧٨.***
  - ***چۆڕاوگە - شیعر ١٩٨٣.***
  - ***دەچنە ڕێواسان - شیعر ١٩٨٤.***
  - ***گوڵە یاقوتییەکان - شیعر ٢٠٠٠.***
  - ***گوڵناز - شیعر ٢٠٠٣).***
  - ***لەژێر ساباتی شیعردا - تۆژینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٦.***
  - ***لە کیشوەری جوانەکاندا - شیعر ٢٠٠٨.***
  - ***نازی تاوس و ئاورینگی قوڵینگ - شیعر ٢٠٠٨) (لە باخەڵی یاخدا- شیعر ٢٠١٠.***
  - ***سێوێك بۆ هەڵدان... دەستێك بۆ گرتنەوە - شیعر ٢٠١٢.***
  - ***خەڵات - شیعر بۆ منداڵان ٢٠١١.***

***

# جوانی هات ... تاریکی بە پێڵاوی خۆی ڕانەگەیشت

( ١ )

دەرگەم لە خۆشەویستی کردەوە
هاتە ژوورەکەم
گەسکی دایە دەست جوانی
جوانی ڕق و کینەی گەسك داو ڕایماڵی
گوڵەکانی باخچەکەشمان بەم کارەیان زانی
ورد ورد .. تاك تاك
هاتنە ژوور و خۆیان تەکاند
نەك هەر ژوورەکەم .. هەموو ماڵەکەمیان

( ٢ )

تۆی بەرداش .. ئەو بەرداش
لە نیواندا منیش ئاردی ورد
دەمگرنەوە  دەمکەنە هەویر
ئەوسا نان.. کولێچە .. کولێرە .. لەواشە
ئەی خوایەکە لەو کاوڵە ئاشە

( ٣ )

لە بازاڕدا کڕام .. فرۆشرام .. قاوە بووم
لە تاوەدا برژام .. قاوە بووم
لە هاوندا کوترام .. قاوە بووم
لە هێڵەگ درام .. قاوە بووم
لە جەزوەدا  کولاّم .. قاوە بووم
لە فینجانان کرام .. قاوە بووم
لە هۆبە و ڕەشمالاّن .. لە دیوان و مالاّن

بۆ ماخۆ و میوانان .. گێڕدرام .. فڕ کرام ..قاوە بووم
بەڵام لەو رۆژەوەی لە ناو فینجانێ بووم
زوحاك خستمیە سەر لێوانی
خۆم هەڵداو .. خۆم ڕژانـد.. کاوە بووم !!

( ٤ )

نە داربڕ دەزانێ چەند جار
بیوری وەشاندووە
نە دارتاش دەزانێ
چەند بزماری لە جەستەی داردا جێگیر کردووە
هەر هەموو برینی تەڕیان بۆ دارستان جێهێشتووە

( ٥ )

ئەو قەرەوێتەیەی
لە نیوان سینگی من و تۆدا بۆ چەند ساتێ
بەند کراوێکی نیوانمان بوو
قەت ئازاد نابێ

بۆنی سینگ و بەرۆکی تۆی گرتووە
لە زۆر مۆڵە سەردەمەکانی ئەو سەدەیەدا گەڕاوم
شووشە بە شووشە
شووشە عەترەکانی سەر ڕەفەکانیم بۆن کردووە
بۆنێکی خۆشتر
پەی بە هەناسە و سییەکانی منی نە بردووە
وەك ئەو بۆنە دەگمەنەی
لەو قەرەوێتەیە جیا نابێتەوە
هەر دەڵێی ئێستایە
لە باخەڵی باخی سینەی تۆدا گەڕاوەتەوە.

( ٦)

کوڵمەکانت سوێرن
وا دیارە فرمێسکت بە سەردا باراندووە
یا لە دەریادا مەلەت کردووە
خۆت لەو کانیە شیرینەی ئێمەدا نەشۆردووە
دەچمە سەر کانی و

دەگەڕێمەوە سەر چاوانی تۆ
لەو ئاوە شیرینەی کانی و ..
فرمێسکە سوێرەی تۆ سەرم سوڕمایە
ئاخۆ ئاوی دەریا فرمێسك بێ
یا چاوی تۆ دەریایە ؟!!

( ٧)

ئای چەند حەز دەکەم
ئەو دەستانەم هێندە بە هێز بن
تا ئەو جاجمەی بە سەر شارەکەم دادراوە
دوو لچکی بگرم و ڕایوەشێنم و دایتەکێنم
چ تۆز و درۆ و ڕیایی هەیە
چ بەچکە شەیتان و کرمی نەبینراوی پێوەیە
هەڵیڕژم
چیتر لە نێو چێورمەی دڵی خۆمدا نەینێژم

( ٨)

کەی گێتی ئارامی بە خۆیەوە دەبینێ
مرۆڤ ببێتە مرۆڤ و .. بەرگی دارستان و ..
بەرگی ئەشکەوت و بەرگی وەحشەت فڕێدا
ژیان بە ئاسودەیی بڕوا بە ڕێدا
دەستە سپیەکان لە نێو دەستە ڕەشەکاندا
بواریان هەبێ بۆ تەوقە کردن
کۆترە سپیەکان لە ناو قەڵە ڕەشەکاندا
بواریان هەبێ بۆ هێلانە چێکردن
لە تەرمینالْ و وێستگەکانی شەمەندەفەرە
لە بەندەرەکانی کەشتی لە فڕۆتگەکاندا
نە قایشی پشتێن بۆ کرانەوە هەبێ
نە سەعات و ئەموستیلە و پێڵاو بۆ داکەناندن
نە پارەی ئاسن و وردیلە تەلاکان بۆ هەڵڕشتن
نە زنجیری جەنتاکان بۆ کرانەوە و ..
بە ژێر کۆنترۆڵدا تێپەڕاندن
کەی گومان و ترس و تۆقاندن
لە بەر یەك دەترازێن
مرۆڤ نەمام بڕوێنێ نەك مین

خۆشەویستی بە خێو کات نەك قیـن
بنیاتنەر بێ نەك ویرانکەر
ولاّتی خۆی بەس بێ و نەبێتە داگیرکەر

( ٩ )

لە دەرگای رۆژگارێکم دا
زەمەنێك دەرگاکەی لێ کردمەوە
پێم گوت .. هاتووم بۆ قەرز
یەك رۆژ لە رۆژانی منداڵیم بە قەرز بدەرێ
تا پڕ بە پێ ڕا بکەم و
بچمەوە باوەشە گەرمەکەی دایکم
دڵم زۆر پڕە و ژیرم کاتەوە
ئازاری ئەو ژینە تەنگژە توونەم لە بیر باتەوە

( ١٠ )

له دەرگەی زەمەنی هەرزەکاریم دا
ــ هاتووم بۆ قەرز کردنی رۆژێك لە رۆژەکانی هەرزەکاری
بگەڕێمەوە گەڕەکە دێرینەکەی جارانم
تۆپێك هەڵدەمەوە حەوشەی ئەو جوانسەرایەی
تێیدا بوو ئەمیراڵی ئیماراتی بەنی دڵ و گیانم

( ١١ )

***وەك وەفایەك بۆ شەهیدانی کۆیەی تێکۆشەر و کۆیە جوان کە لە بەرواری ( ٥ / ٧ / ١٩٦٣) بە فەرمانی جەنەراڵی تاوانبار تاها شەکرچی شەش لە پیاوانی بێ تاوانی ئەم شارە لە دینگەکانی سەر شەقامی کۆیە بەسترانەوەو دەستڕێژ کران .. منیش لە ساڵانی هەفتاکان ئەو چەند دێڕەم نووسی بە پێویستی دەزانم لەو بۆنەیەدا بیخوێنمەوە***

کە شەو داهات
گڵۆپەکان هەر دانەگیرسان
پرسیم هەواڵ ..
وتیان دەمێکە شکاون
وتم ئێوە بەردەقانی منداڵەکان بشارنەوە

پێیان گوتم ..

ئەی نازانــی کاتێ پیاوەکانی شارەکەمان

لە ئەستونگەکانی شەقام بەسترانەوە

لە گەڵ دەسترێژی گوللەی سوور

گڵۆپـەکـان

کوژانــەوە ؟!!

کۆتایی

# عەبدولڕەحمان فەرهادی



## پرۆفایل

- ( ١٩٦٣) لە هەولێر دایك بووە.
- (١٩٩٩) بڕوانامـەی بەکەلۆریۆسـی لـە ( فیزیـك) لـە کۆلێـژی زانستی / زانکۆی سەلاحەددین وەرگرتووە.
- (٢٠٠٤) بۆتە سکرتێری کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد.
- (٢٠١٠ ) بۆتـە سـەرۆکی لقـی هـەولێر / یـەکێتیی نووسـەرانی کورد و تائێستاش بەردەوامە.
- سەرپەرشـــتیاری پســـپۆری فیزیایـــە لـــە بەڕێوەبەرایـــەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر.
- ئەنـــدامی کـــارای هـــەردوو ســـەندیکای (ڕۆژنامەنووســـان و فیزیکناسان)ی کوردستانە.
- لــە وەرگێڕانــی پڕۆگرامــەکانی خوێنــدنی فیزیــای قۆنــاغی ئامادەیی و پیشەیی بەشداری کردووە.
- زیاتر لە ٢٠ ساڵ کاری ڕۆژنامەنووسیی کردوە.
- سەرنووسەری گۆڤاری (نووسەری نوێ)یە.
- بابـەتی لـە گۆڤـارو ڕۆژنامەکانـدا بـە زمـانی کـوردی و عـەرەبی بلاوکردۆتەوە.

- ***چاپکراوەکانی:***
  - ***گەردوون لە ڕوانگەی زانستەوە.***
  - ***دیداری غوربەت و زامداری نیشتمان.***
  - ***مێژووی یەکێتی نووسەرانی کورد.***

***

# وردە گەڵاکانی پاییز

۱

کاتێ زەنگم بۆ لێ دەدەی

دڵم دەبێ بە شالووری

پڕ لە هوزار و نەغمەی نەی

ئاوازی هەزار بە هەزار

کە دایدەخەی دوای قسە و باس

**دڵ بەند دەبێ، نزیك لە خەم**

**دوور لە باخچەی پڕ لالەزار**

.

**٢**

**پاندانەکەم پڕ دەکەم لە**

**مەرەکەبی با**

**قژی تۆی پێ دەنووسمەوە**

**٣**

**دوو تاڵ لە برژانگەکانت**

**دەکەم بە سەوڵ**

نەوەکا لە سپێنەی چاوانت بخنکێم

٤

کە بە سەیارەی جام ڕەشت

پێچ دەکەیتەوە بۆ ماڵێ

من لە سووچەکە دانیشتووم

حەز دەکەم چاوێکم لێکەی

دڵی من مەکۆی خەمانە

چی تێدایە، ئیستێ بکەی

چەپکێ لە خەمانم لادەی

نەختێ خۆشی و سۆزی تێکەی؟

٥

**دنیا هەمووی نابێ بە گوڵ**

**تا تۆ بێرە تێنەپەڕی**

**دنیا نابێ بە فەرهەنگی**

**پڕ لە خەم  و ئێش و ئازار**

**گەر تۆ لە کوچە و کۆڵانی**

**غەریبیدا**

**تاك  و تەنیا جێم نەهێڵی**

**٦**

**بریا وەك دڵدار**

**لە تافی لاوی سەرم ناباوە**

**وەك ئارسەر ڕامبۆ**

**جوانەمەرگ بام**

**وەك فايق بێكەس**

**چل و سێ ساڵێ ژيابام**

**نە لەو پاييزی تەمەنەم**

**تووشی وەيشوومەی**

**عيشقی ژنێ بام**

**٧**

تەزووێك لە پەنجەرەكەوە
بە بەردەوام
خۆی دەكوتێتە ژوورەوە
نە تەزووی سەرما
نە كارەبا
نە تەزووی ساردی كزەبا
نە تەزووی هەورەتريشقە
نە تەزووی گەرمايی ئافتاو

نە تەزووی بەرامەی مەیکەدە
بەڵکو تەنیا
تەزووی عیشقی تۆیە
لێناگەڕێ
لەم کونجە تۆزێ بسرەوم

٨

دەبم بە باران
تا ڕۆحت ئاودەم
دەبمە کزەبا
قژت دادێنم
دەبمە زەریایێ
تا جەستەت لە نێو شەپۆلەکانم
بێنم و ببەم
دەبمە کانیاوێ
تاکو ڕۆژانە
جوانیش لە قوڵپەم کز کز هەڵقوڵێ
دەبمە گەردەلوول
تا بئاڵێمە باڵای شەنگەبیت
دەبمە گۆرانی
بۆ وەسفت دەچڕم

دەبمە سیپارە
بۆ ئەوەی تێیدا وێنەی شیعریت بۆ
بە وشە بچنم
دەبمە تەوارێ
هەرکات بمەوێ
لە لا شانێکت وچانێ بدەم

دەبمە ڕیشۆڵە
کە بی نەوا بووم
هێلانە لە نێو قژت چێ بکەم
دەبمە شالوورێ
بە داکردنی سروە و شنەبا
بۆت بچریکێنم
دەبمە گوڵێکی
سورخن لە باخی وەنەوشە و ئیرەم
هەر کە هاتیە لام
بۆت بخنێمەوە
دەبم بە سۆفیی خانەقای عیشق
خەراباد دەکەم بە جێ و مەکانم
بۆ ئەوەی هەر بۆ تاسەت ڕامێنم
لە نێو میحرابی چاوەکانتدا
ڕۆژانە پێنج جار سوجدەت بۆ ببەم
بە بای وەشت دەڵێم..چیتر دانەکا

قژت تێك دەدا
به سروه دەڵێم..چیتر دانەکا
بژت تێك دەدا
به دەبوور دەڵێم.. چیتر دانەکا
پرچت تێك دەدا
به نەسیم دەڵێم به دەم گۆرانی
شنەت پێشکەش کا

٩

دەچم بەرەو کەنار دەریا
بەڵکو به ڕەنگی چاوت ئاشنا بم
ڕوو دەکەمە قوڵایی ئاسمان
تاکو ڕۆحی تۆی تێدا ببینم
دەچم بەرەو ئەو دارستانه
تا گەڵاکانی
تێر تێر داستانی هەڵوەرینم
بۆ بگێڕنەوه
دەچمە نێو ئەم ڕەشەبایه
تا تێبگەم چۆن ئازاری قژت دەدا
دەبمە هاوڕێی تیشکی هەتاو

تا لە سایەی ڕووت بڕوانم
دەچمە نێو چرکە چرکی کات
بۆ ئەوەی وادەی ژوانت لێ تێکدەم
دەچمە بەر ڕێژنەی بە تاوی تەزرە
تا وێنەی شیعرێ لە قژت بچنم
دەچمە بەر سێبەر
تا ڕۆشنایی تۆ لە خۆم دادڕم

**١٠**

**شەوگار بێ ئەبوونەواس بێ**

**چ ناخۆشە**

**هەزار و یەك شەو بێ بەغدا**

**یەك فلسی قەڵپ نایەنێ**

**قەڵابێ خانۆی لەپ زێڕین**

**هیچ کەسێ پشتی پێ نادا**

**منیش بێ تۆ.. نازانم چۆن**

ناخم پڕ نابێ لە ستەم

ڕۆح هەپڕوون بە هەپڕوون نابێ و

هەڵنابزڕکێ خوێن لە جەستەم

## چەنگێک زەنگیانەی تر

-١-

شەماڵ حەزدەکا

گۆرانییەك پێشکەش

بە درەختەکەی

بەردەرگای ماڵەوەتان بکا

-٢-

مانگ خەریکی دەم و چاو شووشتنە

خۆی بۆ ئاوا بوون حازر دەکا

-٣-

خۆر لە کانیاوی چاوانت

دێ خۆی دەشوا

تاکو هەر بەو ویقارەوە

بچێتەوە حوزوری شەو

-٤-

پاییز دەفتەرێکی پڕ لە نۆتەی

تەسلیمی دەستی سروە کرد

تاکو وردە وردە تاری

سیمفۆنیای درەخت بژەنێ

-٥-

خۆر چنگێ ئاو

لە ئاوی دەریا وەردەگرێ

بۆ ئەوەی بەر لە ئاوابوون

خۆی پێ بشوا

-٦-

بەر لەکازیوە

تریفەی مانگ

بە ئاگا دێ

**تا چنگێ ئاو**

**لە ئۆقیانووسێ بخوازێ**

**تا لەگەڵ تیشەکەکانی خۆر**

**بە بریقەوە سەر دەربێنێ**

**-٧-**

**زەوی سۆز و عیشقی زۆری**

**پێکەنین و زەردەخەنەی**

**بەردەوام بۆ مانگ دەنێرێ**

**سەرسامە بە خەتوخاڵی**

**نەکا ڕۆژێ لێی بتۆرێ**

**لە تریفە بێبەشی کاو**

## بیخاتە (هەواری خاڵی)

-٨-

مانگ

چمکێ لە خەرمانەکەی

دەدا لە ئەگریجەی زەوی

تا... وای لێبکا

هەمیشە ماخۆلانی بێ

-٩-

خۆر خەریکە

وردە وردە ئاوا دەبێ

تیشکەکانی

بە پەلەپەل دەپێچتەوە

نەوەکا نوتەك تیشکێکی

لێ بدزێ و

بە ئاوابوونێ ڕانەگا

تیشکەتاوێ

خۆی لە پەلکەزێڕینەیێ

مارە دەکات

بە مەرجێ چەند شەبەنگێکی

بکا بە قردێلەیەك و

وەك مارەیی

بە دیاری بۆ قژی بەرێ

-١١-

عیشقی تۆ لچكێ ئاگری

پەلكێشی نێو دەروونم كرد

تۆ دەمێكە

بووی بەكوانووی نێو ماڵم

-١٢-

ئەو كاتەی خۆر

چەند چەپکە تیشکێکی

لە زەوی دەشارێتەوە

ئاسمان پڕ دەبێ لە هەور و

ڕەشەبا ڕقی ئەستووری

بە تەزرە و باران دەسپێرێ..

کە لە پڕ تۆ.. دەردەکەویت

تاو بە لێزمە سەردەردێنێ

خۆر پرشنگی شۆخ و جوانمان

بۆ دەنێرێ

-١٣-

مانگ دوو پەنجە تریفەکەی

لەسەر ڕووخساری خۆر لادا

**ڕۆژگاری جوانیی ڕووت دەرکەوت..**

**خۆر پەردە پڕ خەمەکانی**

**ناخی منی بەخۆی دادا**

**شەوگار ڕەنگی ئەبەنووسی ڕەشی بەرکەوت**

١٤

خۆر لە گڕکانەکانی خۆی
چەند یاقووتێکی مەیلەو نارنجیی
هەڵگرتەوە
تا بە دیاری
بۆ ئەستێرەیەکی چاوکاڵی
ڕوومەت سورخنی بنێرێ
کە ساڵانێکی درێژە
چاوچاوانێی لەگەڵ دەکا

١٥

مانگ چەند تیلمێ
لە تریفەکەی
بۆ هەسارەی گەلاوێژ نارد
ئەویش دواتر
کۆڵوانەیەکی لێ چنی
تا پێشکەشی گۆی زەویی کا.

**کۆتایی**

## ئەکرەم خامۆش



# پرۆفایل

د. ئەکرەم ڕەسووڵ حەسەن ناسراو بە (ئەکرەم خامۆش) لە ساڵی (١٩٤٨) لە گەڕەکی قەلاتی شاری کۆیە لەدایك بووە، تا پۆلی دووەمی ناوەندی لە شاری کۆیە خوێندووە، قۆناغی ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە، دواتر لەبەر پێویستی ژیان لە بەغدا لە وەزارەتی کاروباری ژوورو بە فەرمانبەر دامەزراوە، دواتر هاتۆتەوە هەولێر، ساڵی(١٩٨٣)ڕووی کردۆتە هەندەران و بڕوانامەی دواناوەندی تەواوکردووە، ساڵی(١٩٩١) دیبلۆم و ماستەری لە زمان و ئەدەبی ڕووسی و لەساڵی(٢٠٠٦) دکتۆرای لە بواری (فەلسەفە و پۆلەتیك لە بواری کۆمەڵناسی کلتووری)وەرگرتووە.

لەساڵی (٢٠٠٧) لە زانکۆی کۆیە وەك مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی دامەزراوە. کۆمەڵێ شیعری کراونەتە گۆرانی و ئاوازی بۆ کۆمەڵێ شیعر داناوە، لە هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤار شیعرو لێکۆڵینەوەی بلاوکردۆتەوە، دیوانێکی شیعری چاوەڕێی چاپە.

**هێندەمان سەفەرکرد**

**سەفەری هەن درێژ**

**ئەوەندە و ئەوەندە ڕۆیشتین**

**زەمەنمان**

**هۆۆۆ ڕۆژگاری لەمێژ**

**بەگوێندەر گەیشتین!**

**دەستێکی سەر برۆو**

**کەمەری چاوەڕێ**

بوون بە خوێن و زەروو

هەر تاسە لەدەروون

هەناسە لەگەروو

تەمەنمان

کۆڵان و بەردەروو

بوون بە سەبری ئەیوب

لە دایکی مەفتەنمان!

★★★

## زیانی تەجاڵ و دواگوزراوی مەمەندی!

بەرایی فاتیحای حزووری

بەربەیانی مێژووت

تروسکی تاڵە مووی بڕۆنزی

بەراوی شەمی ڕووت

کە تازە دەپشکوت

سپێدەی ساڵحانی سەحەر بوو

ئای فەلەك چ ئەفسووس

**های بەخت و نێوچەوان**

**قەڵمی چارەنووس چارەنووس**

**قەدەری ئاوەژووت**

**فرچکی مەڵاشووت**

**نۆبەرەی سەفەر بوو**

★★★

**بەرایی کلیلی دەروازەی**

**فاتیحای سەفەرمان**

**سەفەری بسمیلی**

**سەرو ماڵ..دڵ و گیان**

**گوێچك و زارو زمان**

**سەفەری شایەتی و**

**مارەیی لە ئیمان**

**سەفەری سەر بەدەم سوژدەوە**

**عیبادەت بەکڕنوو**

**ژبۆ تاکی کەیخودا**

**له نوێژی پیرۆزی میحرابی ئەبەدی**

**سەفەری دەروون و**

**خولیای بەزیکرو**

**سەفەری زمان و سەودایی**

**بە وێردو تەهلیلەو دروودی سەرمەدی**

**سەفەرو..سەفەری**

**سەر بەدەم سوژدەوە**

**ژبۆ تاکی کەیخودا**

**هەر بەدەم سوژدەوە..**

**هەر بەدەم سوژدەوە..**

**هەر بەدەم سوژدەوە**

**بەکڕنوو هەر ئەدا**

***(ربنالك الحمد)***

**ئەسسەلامو عەلەیك**

**تووو خودای هەقیقەت**

**حیکمەتە..**

**بەهەردوو تەریقەت**

**بەشێخ و بەسەیدو بەقازی و مەلاوە**

**چل شەوەی خەڵوەتم**

**چل هەزاران هەزار**

**چل شەووەی خەڵوەتم**

**خەلەی فەرزو ئەدا**

**شەرتە شوانی عیبادەت هەڵات**

**باوەمیر، مردنم نەك خەڵات**

**باوەمیر مردنم**

**نەك خەلەی شەرت و ئەدا**

**کە جاڕی شار وەدەرکردنم**

**بۆسەدا**

**خۆبرایمۆك نەبووم**

**بەو شەوی چلوان و کڕێوە**

**یا بەمیراتگری پەیامی عیسایی**

**قەدەری کۆساری ئەوینم**

**گرێدەن بەڕێوە!!**

**سەفەربوو.. سەفەر بوو**

**سەفەری تەوافی درێژی کابەتان**

**سەفەرو سەفەری ..**

ئەو مەولود..ئەوقوربان

سەفەری زەكات و سەرفترە

سەفەری

خێرو خەتمی قورئان!!

سەفەری كۆڵنجی و دڵ و گیان

سەفەری سۆمای گلێنەو

سەفەری چگەرو هەڵقرچان

سەفەری زەلیلی دەروون و

سەفەری تاعونی گوڵ و ڤیان!!

سەفەرو سەفەری

سەفەری سوتان و

سەفەری برژان و سەفەری كوتان و

سەفەری ڕژان و ..سەفەری خنكان

سەفەری تكان و سەفەری شكان و

سەفەری قڕان و سەفەری بڕان و

سەفەری فڕان و

سەفەری دایەڕۆ.. سەفەری بابەڕۆ

سەفەری خوشكەڕۆ.. سەفەری برالەڕۆ

سەفەری خاڵەڕۆ

سەفەری مامەڕۆ

سەفەری وەزگدان

سەفەری ئەنفال و

کۆڕەوی بە تۆفان

گەیینە هەوارێك!

ئای من و ئەسپەکەم

ئاوڕێکمان دایەوە

دەروازەی سیڤەرو

چاوێکی دەرسیم و

دەستێکی سەید ڕەزا و

نەهری بوو

دوا ماڵاوایی لێدەکردین

گەینە هەوارێك

سەحەربوو..سەحەربوو

ئای بەرەبەیانێك

گەرمەئاگردانی کوێرەدێ

مارێکی چوارسەری

لەفیکەی پێوەدان..ڕاپەڕیم!!
+ هۆۆۆۆ دایە..ئەوخەوە
- نا کوڕم..
بەیانی ئەوبەرخە سەربڕە
شەڕ دەگێڕێتەوە!!
سەحەر بوو سەحەر بوو
گەینە هەوارێك
فسکەیەك لەحەسۆی ئەسمەرێ
ئای ئاێەك لە سمەی خەزاڵێ
بسکەیەك لە مەحوی نادری
های هایەك لە وسوی کەژاڵێ
بارگەمان با بخەین..
ئێرە موش و وانە!!
نەهـ کوڕۆ..ئە ئێرە
دە ماڵی چەقەڵ و تورگانە!!!
تەماڵی دەڕێوی و گورگانە!!
ئەهـ کوڕۆ..
بارگەمان بابخەین

ئه ئێره جەنگەڵی
دەشێرو شەپاڵ و پڵنگانە!!
سەحەر بوو سەحەربوو
گەینە هەوارێك
لۆغان و ڕەشبەڵەك
وای ئەزو ئا لمن
دووکەڵیی..دوکەڵی
ئەسپی بۆر
+ هانکەهانك ڕکێفم
ئای لە بۆ سەخەوێ کەوتەوە سەوزەڵێ
گەینە هەوارێك
داشتنە؟!
داشتنە..داشتنی خوێنە..یا
لۆغان و ڕەشبەڵەك
وای ئەزو..ئای لمن
سەفەری فاتیحا
هەربەدەم سوژدەوە
وای ئەزو..حەسۆمان

له نوێژێدا کوژرا !!

ناشتنه ..ناشتنه !!

وای ئەزو..

دەی سەری حەسۆمان..

ئێوەخۆش..بۆبحێشت

ئەو حومری درێژی

ژبۆ هەڤە بجێحێشت

سەفەر بوو..سەفەربوو

گەینە هەوارێك

بارگەمان بابخەین

ئامێدی و سۆرانە !!

وای ئەزو ئای لمن

هەیارو هەیارو هەیارێ

لەم (بانە) و

ئای (لەم دووهەوا) یە

ئەم دڵە کون کونە

خوێنی لێدەچۆڕێ و..

له هۆو ڕووه پێکەنین دەبارێ

وای ئەزو..ئای لمن

لەم (بان) و..

ئای (لەم دوو هەوایە)،

ئەم بەرو ئەوبەرە

ووای لەسەر ماچێکی

ئەوناسکە دولبەرە

لەم هەراو دەعوایە

وای لمن

لەوشەڕە خەنجەرە!!!

وای لەم چوار ڕیانە...

وای لەم چوار ڕیانەو...

وای لەزاوووو...

وای لەزاوزێی کولەو

شالآوی هێرشی ئەبرەهای بیابانە

ئای لەمن نیشتمان..

لەم کەژو هەردەوە،

بە شیوو دۆڵەوە

بە دارو بەردەوە

شاڵاوی گەلە گورگ

بە غەزای جەردەوە

ئەی ئێمە خەنجەری دەبانمان پێ نەبوو؟!

وای لمن..

زریانی تەجاڵە و

ئەی ئەمە ڕکێفمان.. شاگورزی مەمەندی و

نەعرەتەی بای ئەسپی شێ نەبوو؟!

وای ئەزو

کەزەنکی ڕەشەباو گەردەلوول

شاڵاوی زریانی خوێندەوە

من سەرم کەمەندی بیابان و

قولاپی زێ نەبوو؟!

وای لەمن

کەتەوری ئەهریمەن

سنجرەی عەرعەری هۆندەوە

من سەرم جەخماخە و

قامچییەکەی بروسکی ڕۆستەمی

سەرشارو دێ نەبوو؟!

بیکەینە ڕەشبەڵەك

قیژەیەك لەدایك و ..

زریکەیەك لەخوشك و

زیڕەیەك لەزارۆو

هاوارێك لەبراو

شریخەیەك لەباوم

بیکەنە ڕەشبەڵەك

مرازو کەژاوەی سەرقافڵەی خەجیلە

وەرنەوە..وەرنەوە

وەرنەوە دەڤەری کوزەڵە و

نێرگزە جاڕەکەی بەیبوون و حاجیلە!!

وەرنەوە فلآنە دێ و..

فیسارە دیدارو..

هەرامە ڕەشبەڵەك

وەرنەوە بەبێری

هەڵمژن شنەبابی کوێستانی

هەڵمژن شنەبای بەهاری

بەهار دەرکی گەروێ

کوا ئێرەو

کوا ئەوێ !!

ئێرەو ئەم بەهەشتی زۆزانە

کوا ئێرەو هەوارە فیڕدۆسی بابانە !

کوا زریانی لم و

سەرابی وڕەی ئەو بیابانە !!

کوا نزمی خۆشی

شمشاڵی شوانکارەی

ئەو بنار زۆزانە

کوانێ هۆرەو..ئەم سیاچەمانە

کوا لەو زریان و ..

کوا لوورەی گەردەلولی سارا و

کوا سێرەی قەمچییەکەی پشتی تۆ و

کوا نەڕەی جەلادی زیندانی ئەو ئەبو غریێبەو

کوانی لەم لاوکی بادینان و

حەیرانی قەراج و

قەتاری ئای ئای تاجی سەری گەرمیانە!

ئەو لەکوێ و ئەم لەکوێ

**وەرنەوە..وەرن دادو بێداد**

**وەرنەوە خێوەتی**

**سیڤەرو مەهاباد**

**وەرنەوە..بۆ سلێمانی و دهۆك**

**وەرنەوە ژبۆ هەولێرو کەرکوك**

**کەرکوك و ئیمام قاسم لەکوێ؟!**

**حەمدان و قەعقاع و قادسیە و**

**زیقارِو قەحتان و حەواسم لەکوێ ؟!**

**وەرنەوە..وەرنەوە**

**وەرنەوە..هەرئێستا**

**تووو زاتی نیشتیمان**

**تووو ئەلفی پیرۆزی ئاڤێستا**

**توووو چاوی مەلحەمەی**

**هەڵەبجەی بێکەسان!**

**تۆ سۆریاو داکان و**

**داستانی قوشتەپەو**

**ترِاژیدیای شێخ وەسان !**

**توو..توو.توو**

**تۆو کزەی جگەرو..سروشکی قەیسی**

**هەژارو هێمنی مل بەکوین**

**توبانگ و کەباری**

**منارەی حەزرەتی جگەر خوین!!**

**تو فەخری،**

**مەولانەو نزیری!!**

**تو زیکری خەڵوەتی،**

**ئیمامە جزیری!!**

**تو خوێنی هەلاجی**

**تو وەحی سوڕەتی**

**(مەم و زین) ی خانی ،**

**توحەدیس و باجی،**

**ئیمامی**

**گۆڕغەریبی حاجی !!**

**وەرنەوە..وەرنەوە..ئامانە**

**وەرنەوە ئەم زێدی بابانە**

**کوا ئێرە و کوا ئەوێ**

**لەوێ دەنگی**

(كیژان دەچنە مێرگوڵان) ی
(زیرەك)ی ئەم
شاخ و كێوە و گوێ لێ نابێ
لەوێ گەلی برادەرینەی
(خاڵە سێوە)و  گوێ لێ نابێ
وای ئەزو وای لمن
ئێوە بەقەتاری(ماملێ) و..
ئای ئای هیجرانی (مەردان) و..
سەدای بیستەمی (تایەر) و..
نەوای كاڤۆكێی (جزیری) و..
هەی بەلاری (مریەم خان)ە وەبیمارن
وای ئەزو..
كچێ ئێوە شێت و شوری
حەیرانێكی(سیساوەیی) و
سەدای گەلی برادەرینەی دەنگی(ڕەسوڵ)ی بێزارن
وەرنەوە..وەرنەوە
یەك بەیەك دووبەدوو
وەرنەوە..بە هەزار!!

وەرنەوە ببینن

ئای چەند جوان

ئێرەمان کردووە بە گوڵزار!

وەرنەوە وەرنەوە

کە هاتن

بەدەوری تەلاری خامۆشی پەرلەمان

ژبۆ نەزر و مرازتان

دەروازەی کابەتان ڕاهەژاند

مەزبەتەی غەزا کاری مافتان

کە مست و گاشەبەرد

بوون بەباڵ..

باڵی تەیرەن ئەبابیلەکان

سجیلی غەزەبتان

کە گرتە لەشکری ئەبرەها و

تەواو بوو تەوافتان

یەك دڵۆپ..

یەك دڵۆپ ڕوندکی

چاوی زارۆیەکی بادینان

هەر تەلێ لەپرچی ..کچێکی سۆران و

کشێ لە مێزەری سەید ڕەزا و

ڕیشوەیەك لە مشکییەکەی شێخ و

قولانجێ لەپەتی سێدارەکەی قازی و

تیلمەیەك لەکەوای..

کەواکەی ناموسی دایکم و

لچکێ لەجامانە سوورەکەی بارزان

بە دوو دەس

بەدەسێ بادینان

ئەوی دی سۆران

بە دوو چاو..

بە چاوێ بۆتان و

ئەوی دی بە گۆران

دەنێو ئینجانەیێ

دابنێن لە بەردەم
ئاڵاکەی خامۆشی
پەرلەمان.

**کۆتایی**

# سوپاس و پێزانین

## بۆ بەڕێزان

- ( پشتیوان غەفوری) بەرپرسی تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان / کەناڵی کۆیە.

- کۆرگێڕ (ئاسکە جەعفەر) .



د.هێمن و ئاسکە

# پێرســـــــــــــــــــــــت

بەرگی پێشەوە





# بەرگی پشتەوە